# چوارده سەرۆک کۆماری شیعر



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# چوارده سەرۆک کۆماری شیعر

## هەڵبژاردەیەک لە شیعری شاعیرانی سەدەی بیستەم

وەرگێڕانی:

**کامبیز کەریمی**



کتێب: چوارده سەرۆک کۆماری شیعر – هەڵبژاردەیەک لە شیعری شاعیرانی سەدەی بیستەم
وەرگێڕانی: کامبیز کەریمی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٣٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحمود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## چەن خاڵێکی پێویست

ئەوەی چوارده شاعیری ئەم کتێبەی کۆ کردووەتەوە، نەگەورەیی و ناوبانگی شاعیرەکان، بەڵکوو شیوازی ساده و ناوەرۆکی ئاشتیخوازانەی شیعرەکان بووە. ساده تا سنووری مەرگ و ئاشتیخواز تا لێواری بورکانی شەڕ. ئەگینا، سەدەی بیستەم سەدان شاعیری توانا و گەورەی بەخۆوە بینیوە؛ بەڵام بڕێکیان وەک "ئوزراپاوند" و "هۆ پی فۆ" لە بازنەی "ئاشتی" و "مرۆڤدۆستی" بە دووربوون. بڕێکیان وەک " ئوکتاڤیوپاز " و "پاول سلان" سەخت لە سادەیی تووڕەبوون و منیش دەرەقەتی شیعری چەن کەسێ وەک " پۆل ئیلوار " و " ولادیمیر مایاکۆفسکی نەهاتم و... زۆری تریشم نەناسیوە. مایەوە ئەم چوارده شاعیره، یان دروستتر بڵێم، مایەوە ئەم شیعرانەی ئەم چوارده شاعیره.

جگە لە شاملوو، سەرجەمی شیعری سیانزە شاعیرەکەی دیکە وەرگێڕدراوی دەقی دووهەم و بگرە سێهەمە واتە وەرگێڕاوی فارسی ئەو شیعرانە لە بەر دەستا بوون، هەر چەن شیعرەکانی هیوز و نازم حیکمەت و ئورهان وەلی لەگەڵ دەقە ئینگلیزی و تورکییەکەیدا بەراورد کراوە.

زمانی سەرجەم شیعرەکان، تاڕادەیەک یەک زمانە و ڕەنگە هەر ئەو زمانە بێ کە من وەک وەرگێڕ حەز دەکەم شیعری پی بنووسم؛ بە مانایەکی تر لێرە وەرگیڕە خۆی دەسەپێنی بە سەر شیعرەکاندا نە بە پێچەوانەوە. ئەمەش ئەگەر کارەسات نەبێ بێ گومان "تاوانە". تاوانێ کە من بۆ هەمیشە لە ئەستۆی دەگرم و هەمیشە درێژەێ پێ ئەدەم.

شیعری وەرگێڕدراوی هەر شاعیرێک، پێشکەش کراوە بە کەسێ، خۆشەویستی، هاورێ، هونەرمەندێ، چەن کەسێکیان وەک مارف ئاغایی



و ژیلا حوسەینی ڕۆیشتوون و ماونەتەوە؛ کەسانێ وەکوو عەتا نەهایی و هادی زیائودینی دەرۆن و دەمێننەوە؛ بڕێکیان وەک بوومەلیل، هەنار، ڕەنگ، شانۆ، خەون، زەمین... نارۆن و دەمێننەوە؛ بەڵام ئەوەی لەم دووڕوویییەدا بۆ من دەمێنێتەوە بانگەوازی خۆشەویستیی ئەوانەو خۆزگەی ئەوە خۆشیان بویم.

ریزکردنی شاعیرەکان لە ڕووی ساڵی لە دایک بوونیانەوەیە و ئەگەر ساڵی لە دایک بوونیان یەکێ بووە، ساڵی مەرگیان کراوەتە پێوەر.

سوپاس بۆ گەورەم عەتا نەهایی کە پێداچوونەوە و پێشەکی نووسینی لە ئەستۆگرت. سوپاس بۆ مامۆستا نەعمەت شەهاب بەرپرسی دەزگای ڕێژیار – کە بە پیرمەوە هات و ئەرکی ئامادەکردنی ئەم کتێبەی خستە سەر شانی خۆی. سوپاس بۆ برام بارام وەلدبەگی کە لەم چەن ساڵەی ڕابردوودا بە چاپی کتێبەکانی منەوە زۆر ماندوو بووە. سوپاس بۆ بەیان شاتری کە گوێگرتن و ڕەخنە و چایی و بێ دەنگییەکەی خەونی هەر نووسەرێکە و سوپاس بۆ تۆ کە ئەم شیعرانە دەخوێنیتەوە و داوای لێبووردن کە چەن سەعاتێک لە کاتت داگیر دەکەم.

کامبیز کەریمی – سنە

٢٠٠٥–١٣٨٤

## وەرگێڕانی شیعر کردەیەکی نامومکین، بەڵام پێویست

عەتا نەهایی

سەرەکیترین جیاوازیی نێوان کەلامی شیعری لەگەڵ کەلامی ناشیعریدا ئەوەیە کە، زمان لە شیعردا بەر لەوەی ئەرکی ڕاگوێزانی مانا و پەیامی لە ئەستۆ بێت، خۆی ماناو پەیام سازە؛ واتە زمان لە شیعردا بەرلەوەی کارکردی ڕاگەیەنەرانەی ببێت، کارکردی داهێنەرانەی هەیە. ئەگەر ئەو گوزارەیە کە شاعیران و بەتایبەت ڕەخنەگرانی ئەدەبی مەیلێکی زۆریان بۆ گوتن و گوتنەوەی هەیە پەسند بکەین - کە شیعر ڕووداوێکە لە زماندا ڕوودەدات - زۆر بەسانایش دەتوانین بیسەلمێنین کە شیعر لە هیچ زمانێکەوە وەرناگێڕدرێتە سەر هیچ زمانێکیتر. ڕووداوێک کە لەزمانێکدا و بە هۆی وشەکانی ئەو زمانە، بە باری مانایی تایبەت بە خۆیان کە سەرچاوەی لە فەرهەنگی ئەو خەڵک و کۆمەڵگەیەدایە کە بەو زمانە دەدوێن، بە پێی یاسا و ڕێسا نەحوییەکانی ئەو زمانە - کە سنووری گەمەکان دیاری دەکات - ڕوودەدات، هەرگیز ناتوانێت لە زمانێکی دیکەدا و بە وشەگەلی دی و لە چوارچێوەی یاسا و ڕیسای ڕێزمانی جیاوازدا دووبارە بکرێتەوە. پێدەچێت ئەم گوتەیە بۆچوونەکانی یاکۆبسێن و فۆرمالیستەکانمان وەبیر بهێنێتەوە کە ئەوانیش وەرگێڕانی شیعریان بە کردەیەکی نامومکین دەزانی و پێیان وابوو هەمیشە لەو جۆرە وەرگێڕانەدا واتایەکی تایبەت، یان کۆمەڵە واتایەک، لە ناو کۆی واتا مومکینەکانی وشەیەک، لە کیس دەچێت.

ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم کە من لێرەدا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان نامومکین بوون و ناپێویست بووندا دادەنێم. مەبەستم لەم گوتنە ئەوە نییە کە وەرگێڕانی شیعر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی کردەیەکی ناپێویستە؛



تەواو بە پێچەوانەوە. شیعر بەگشتی خەرمانێکە لە گرانبەهاترین سامانە جیهانییەکانی مرۆڤ و ئێمەش تاکە تاکەی ئێمە میراتگری ئەو سامانەین کە لە دێرینەوە، لە هەمووو شوێنێکی ئەم جیهانە، لە هەر کوێ مرۆڤ بووبێت و زمان بووبێت و شیعر لە پێوەندی نێوان مرۆڤ و زمان سەری هەڵدابێت، بۆ ئێمە بەجێماوە. ڕاستە کە شیعر ڕووداوێکە لەناو زماندا؛ بەڵام زمان خۆی دیاردەیەکە کە تەنیا لە-دەڤەری ئامادەبوونی مرۆڤدا دەردەکەوێت و هەموو ڕووداوەکانیشی بە بێ ئامادە بوونی مرۆڤ، دەرفەتی ڕوودانیان نییە. شیعر لەگەڵ ئەوەدا کە کەلامی تاکی شاعیرە، چرینی ڕۆحی کۆمەڵگە و سەرجەمی مرۆڤەکانیشە. بۆرخێس دەڵێت: "هەر مرۆڤێک، سەرجەمی مرۆڤەکانە" کەواتە پێوەندی ئێمە لەگەڵ شیعری هەر شاعیر و بە هەر زمانێک، بە شێوەیەک لە شێوەکان، پێوەندییە لەگەڵ ئاوازی ڕۆحی گشتی مرۆڤ. پێوەندییە لەگەڵ ئاوازی ڕۆحیی خۆمان. نەخوێندنەوەی شیعر - بە هەر زمانێک و بە هەر بیانوویەک - غافڵ بوونە لە ئاوازێکی ڕۆحیی خۆمان. ئەوەی کە لەم دێڕانەدا من بە هەویای گوتنیم، نەوەک ڕەتکردنەوەی وەرگێڕانی شیعر، بەڵکوو ڕاکێشانی سەرنجە بۆ گەمەیەکی ترسناک بە ناوی کردەی وەرگێڕانی شیعر. گەمەیەک لە نێوان نامومکین و پێویست.

وەرگێڕانی شیعر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، تەجرەبەیەکی تەمەن درێژە لە بەستێنی دوو شێوەی سەرەکی و جیاوازی وەرگێڕاندا. یەکەمیان وەرگێڕانی "ئازاد" کە وەرگێڕ ماناو بیرۆکەی شیعرەکە وەردەگرێت و لەدارشتنێکی نوێ و تا ڕادەیەکی زۆر، جیاواز لە دارشتنی شاعیرەکە دەیگونجێنێت. نموونەی زۆر ئاشنا بۆ خوێنەرانی ئەم نووسینە، وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیام بە قەلەمی هەژاری موکریانی، یان وەرگێڕانی شیعرەکانی مارگۆت بیکڵ بە قەڵەمی ئەحمەد شاملووە. دیارە ئەم شێوەی وەرگێڕانە زیاتر لە لایەن وەرگێڕی شاعیرەوە پەیرەو دەکرێت. لە دووهەم

شێوەی وەرگێڕاندا، وەرگێڕ بەو پەڕی بەرپرسایەتی و ئەمانەتدارییەوە بۆ شیعرەکە و ستایل و شێوازی داڕشتنەکەی، هەوڵ دەدات وشە بە وشە یان دێڕ بە دێڕی شیعرەکە لە زمانی شاعیرەوە بۆ زمانی دووهەم بگوێزێتەوە. نموونەی ئەم جۆرە وەرگێڕانەش لە لاپەڕەی زۆربەی گۆڤارە کوردییەکاندا هەیە. بە دڵنیاییەوە لە مابەینی ئەم دوو جۆر و نموونانەدا – کە یەکەمیان زێدەڕۆیانە ئازاد و دووهەمیشیان پێداگرانە دەروەستە – گەلێک نموونەی موتەعادڵتر سەر بە هەر دوو شێوەکە هەیە. ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە هەندێک وەرگێڕ، زیاتر خۆیان بە وەرگێڕی بیرۆکە و مانای شیعرەکە و هەندێکیان هەوڵ بۆ وەرگێرانی فۆڕم و شێوازی داڕشتنی شیعرەکان دەدەن. بەڵام ناشێت چاو لەو ڕاستییە بقووچێندرێت کە ئەم ڕوانینە، واتە ئەم جۆرە دابەشکارییە (رانەگەیندراوەی) شیعر بە دوو لایەنی مانا و فۆرم، یان ناوەرۆک و شێوە، ڕوانین و دابەشکارییەکی لە ئەساسدا هەڵە و چەوتە. چونکە مانا یان ماناکانی شیعر لە فۆرم و شێوازی دارشتنیدایە و داڕشتنی بینای شیعریش لە ڕاستیدا، داهێنانی مانا یان ماناکانیەتی.

***

تا ئێرە زۆر بە کورتی سووکە ئاماژەیەکمان بە کردەی وەرگێڕانی شیعر و بەها دژوازەکانی و جۆرە جیاوازەکانی کرد.

ئەوەی کە باسمان نەکرد و ئاوڕمان لێنەدایەوە، بکەری کردەکە – واتە وەرگێڕی شیعر – بوو. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و ڕەنگە لە زۆر کۆمەڵگەی دیکەش پلەو پایەی ئەدەبی و فەرهەنگی وەرگێڕی شیعر، لە ناو خەڵکدا نەوەک لە بەر وەرگێڕانەکانی، بەڵکوو لەبەر پیشە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی دیکەی وەرگێڕە. وەرگێڕانی شیعر بۆ زۆربەی هەرە زۆری وەرگێڕەکان، کار و کردەیەکە لە پاڵ کارە ئەدەبی و فەرهەنگییە سەرەکییەکەیاندا. ڕاستە کە کەس گومان لە بەهای ئەدەبی و فەرهەنگی کاری وەرگێڕانی شیعری ناکات و هەموو کەس بە ڕێزەوە لە بەرهەمی



وەرگێڕەکان دەڕوانێت؛ بەڵام ئەم ڕێز لێگرتن و بەهاپێدانە، هەموو ئەو شتە نییە کە دەبێت لەمەڕ وەرگێڕ و بە تایبەت وەرگێڕی شیعر بگوترێت. چاک یان خراپ، ناشێ واقیعیانەترین ڕوانین بۆ وەرگێڕی شیعر و کردەی وەرگێڕانەکەی، ڕوانینێک بێت لە ڕوانگەی کۆمەڵگە و خوێنەرەکانیەوە. کۆمەڵگە و بەتایبەت خوێنەرانی بە هۆی ئاگادار نەبوونیان لە دەقی سەرەکی شیعرەکان (واتە دەقێک کە بە زمانی شاعیرەکەیەتی) و لە بەر ئەوەی کە لە زۆرترین حاڵەتەکاندا پێوەندی ئەوان لەگەڵ شیعرەکە پێوەندییە لەگەڵ دەقی وەرگێڕدراوە کە بە زمانی وەرگێڕەکەیە. وێڕای ئەوە کە شیعرەکەیان پێخۆش بێت یان ناخۆش، چێژی لێ وەربگرن یان نا، هەست بە هیچ نوقسانی و لێ ڕژانێک لە ڕەوت و ڕێگەی گواستنەوەی شیعرەکە، لە زمانی شاعیرەوە بۆ زمانی وەرگێڕ، ناکەن. ڕووداوێک کە بێگومان لە هەموو وەرگێڕانێکدا ڕوودەدات. ئەوان لە زۆرترین حاڵەتەکاندا هیچ دەرفەت و مەجالێکی بەراوردکردنیان لە نێوان دەقی یەکەم و دەقی دووهەمدا نییە. ئەوەی کە ئەوان دەیبینن و دەیخوێننەوە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوان دەقی سەرەکی و سەرچاوەیە؛ واتە دەقی وەرگێڕدراو – یان بە گوتەیەکی دی – دەقی وەرگێڕ، بۆ ئەوان هەمان دەقی شاعیرەکەیە. یان با بڵێین چاوەڕوان دەکەن هەمان دەقی شاعیرەکە بێت. بە زمانێکی- دی، بەلای ئەم خوێنەرانەوە وەرگێڕی شیعر، وەک هەموو وەرگێڕێکی دی تەنیا دەوری ڕاگوێزەری هەیە و هیچی تر. دەورێک کە تەنیا لە -دۆخە تایبەتەکاندا، زیاتر لەو کاتانەدا کە خوێنەر لەبەر هەر هۆیەک چێژ لە شیعرەکە نابینێت – وەک تاوانبار – وەبیردەکەوێتەوە. دەورێک کە لە دۆخە ئاساییەکاندا فەرامۆش دەکرێت. ئەڵبەت ئەم حاڵەتە ئەو خوێنەرە دەگمەنانە ناگرێتەوە کە شارەزای زمانی شاعیرەکەش هەن و دەرفەتی بەراوردیان لە نێوان هەر دوو دەقی شیعرەکە – دەقی شاعیر و دەقی وەرگێڕ – هەیە. هەڵسەنگاندنی ئەم دەستە دەگمەنەی خۆینەران- کە

خودی وەرگێڕیش یەکێکە لە ئەوان - بۆ کردەی وەرگێڕان و لە هەر نموونەیەکی تایبەتدا بۆ دەقی وەرگێڕدراو، هەڵسەنگاندنێکی نێگەتیڤە. بەو مانایە کە تەنیا ئەوانن کە دەزانن دەقی وەرگێڕدراو هەمان دەقی شیعرەکە نییە. چونکە ئەوان لە بری ئەوەی بە تەمای خوێندنەوەی دەقی وەرگێڕێک بن، بە تەمای خوێندنەوەی شیعری شاعیرەکەن. کەواتە ئەوانن کە پەی بە کردەیەک دەبەن کە بە ئاسانی دەکرێت ناوی "خەیانەتی" لێبندرێت. خەیانەتی وەرگێڕ لە شاعیر. خەیانەتی وەرگێڕ لە خودی شیعرەکە و لەهەمان کاتیشدا خەیانەتی وەرگێڕ لە خوێنەرەکان.

خەیانەت، چونکە نەیتوانیوە شیعری شاعیرەکە کوتومت و ڕاستەو ڕاست بە خوێنەران بگەیەنێت و ئەوەی کە ئەو بە ناوی دەقی شیعری فلانە شاعیر بە خوێنەرانی دەگەیەنێت، هەمان دەقی شیعرەکە نییە. بێگومان ئەم سفەتی "خەیانەتە" تەنیا بۆ ئەوە نییە کە دەقی وەرگێڕانەکە چێژی کەمتری لە خودی شیعرەکە بۆ خوێنەر هەیە. چێژ تایبەتە بە خوێنەر و زۆر جار، بە تایبەت لە و کاتانەدا کە جیاوازی زمان و فەرهەنگی شاعیر و وەرگێڕ (بەو پێیەش شاعیر و خوێنەری وەرگێڕانەکە) زیاتر و بەرجەستەترە، دەقی وەرگێڕانەکە بۆ خوێنەر چێژبەخشترە؛ بەڵام ئەم چێژبەخشییەش بابەتە سەرەکییەکە ناگۆڕێت و ئەگەر هەموو کەس خەیانەتی وەرگێڕ لە شاعیر، شیعر و خوێنەر لە بیر بباتەوە، خودی وەرگێڕەکە - بەتایبەت ئەگەر شاعیریش بێت - فەرامۆشی ناکات.

من پێموایە سفەتی قورس و گرانی "خەیانەت" ـ درکاو یان نەدرکاو ـ داهاتەی زەینی وەرگێڕی شاعیر، یان شاعیر لە پلەی وەرگێڕ دابێت. ئەمە دەڵێم چونکە دڵنیام هیچ کەس بە قەدەر خودی شاعیر ئاگاداری ڕەنج و ئازاری داهێنانی شیعر نییە. کاتێک شاعیر بۆ نووسینەوەی شیعرەکەی خۆی، بەو پەڕی وەسواسەوە لە مابەینی دوو یان چەند وشەی بەڕواڵەت هاومانا یەکێکیان هەڵدەبژێرێت و لە ڕستەیەکی شیعریدا جێی بۆ دەکاتەوە



و بە هیچ شێوەیەک مل بە گۆڕینی ئەو وشە لەگەڵ یەکێک لە وشە بەڕواڵەت هاوماناکانی دیکەی نادات، زۆر سروشتییە هەمان شاعیر لە کاتی وەرگێڕانی شیعری شاعیرێکی دی بۆ سەر زمانەکەی خۆی، بۆ هەڵبژاردنی یەک تاقە وشە لەبری وشەی شاعیرەکە، لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانێت هیچ وشەیەک تێر و تۆخ هەمان وشە نییە کە شاعیرەکە بە زمانی خۆی بە کاری هێناوە، تووشی عەزابی قورسی هەست بە تاوانبار کردن ببێت. کەواتە دەشێت بگوترێت: ئەگەر شیعر بۆ گەیشتن بە خوێنەر لە ڕەنج و ئازاری داهێنانی شاعیرەکەیەوە تێدەپەڕێت، وەرگێڕانی شیعر لە عەزابی خەیانەتی وەرگێڕەوە تێدەپەڕێت. عەزابی خەیانەت لە شیعر، لە شاعیر و لە خوێنەر، کە هەر سێکیان سێ لایەنی سەرەکی کاراکتەری وەرگێڕن. کەواتە وەرگێڕانی شیعر لە ڕوانگەی خەڵک و خوێنەرەوە بە هەر شێوەیەکی چاک یان خراپ - نیگەتیڤ یان پۆزەتیڤ - پێناسە بکرێت، لە ڕوانگەی وەرگێڕەکەیەوە وەک خەیانەت کردن لە خۆی پێناسە دەکرێت.

ئەگەر ئەم باسە درێژە پێبدەین دەکەوینە ناو لابیرێنت و تووناوتوونێکی سەیر و سەمەرەوە کە هەر ڕاڕەوێکی دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی تەم و مژاوی دی.

خەیانەتی وەرگێڕ لە شاعیر، دەشێ خەیانەتی شیعر بێت لە وەرگێڕ و خەیانەتی شیعریش دەشێ خەیانەتی زمان بێت؛ چونکە هەموو ڕووداوەکان، ڕووداون لە زماندا و زمانیش بە دوور لە خواست و تەمەنای شاعیر و وەرگێڕ و تەنانەت خوێنەریش، سەربەخۆ، لۆژیکەکانی خۆی پیادە دەکات و میکانیزمە دەروونییەکانی خۆی پەیڕەو دەکات. ئێمە چ وەک شاعیر، وەرگێڕ یان خوێنەری شیعر، لە چەنبەری زماندایین کە ئەو هەموو شتەو ئێمە هیچ.

لێرەدا پێویستی وەڵامدانەوە بە پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا مەجالێک بۆ دەربازبوونی وەرگێڕی شیعر لەم داوی خەیانەت بەخۆیە هەیە؟

وەرگێڕی شیعر - بەتایبەت شاعیری وەرگێڕ - بیر لەم مەجالە و هیچ مەجال و دەرفەتێکی دی ناکاتەوە؛ ئەو بیر لە خۆشی ناکاتەوە. لە شاعیر و شیعر و خوێنەرەکانیشی. ئەو نوقم بووی دەریایەکە تۆفانی. ئەوەی کە پاساو بۆ ئەم نوقم بوون و قوربانی دانە مەزنە دەهێنێتەوە، گەوهەری شیعرە؛ کە لە شوێنێک لە قووڵاییەکانی ئەو دەریایەدا دەبریقێتەوە. لە دەرەوەی ئەو دەریایە، ئەوە ئێمە خوێنەرانین کە بۆ مانا بەخشین بە کردەی ئەو نوقم بووە، دڵخۆش و پشت ئەستوور بە لۆژیکی بەڵگاندن لاپەڕەی تیۆرییە ئەدەبییەکان هەڵدەدەینەوە. دڵ بە بۆچوونی بیرمەندانی بڕوادار بە هێرمێنۆتیکی ئەدەبی خۆش دەکەین کە پێیان وایە تەئویل، گەڕانی خوێنەرە لە شوێن دەقێکی دی، کە لە پشت دەقە سەرەکییەکەوە شاردراوەتەوە. ئەم گوتە بەو مانایەیە کە لە پشت هەموو دەقێکەوە (بە تایبەت دەقی شیعری) بەقەدەر خوێنەرەکانی دەقی شاردراوە هەیە. بە هەڵەدا نەچووین ئەگەر پێمان وابێت وەرگێڕانی هەر شیعرێک ئەو دەقی دووهەمەیە کە لە پشت دەقە سەرەکییە یەکەمەکەوە خۆی شاردۆتەوە و وەرگێڕ دۆزیویەتییەوە. ئەم بۆچوونە - کە پاڵپشتی تیۆریکیشی هەیە - نەوەک هەر ئەگەری خەیانەتی وەرگێڕی شیعر دەسڕێتەوە، بەڵکوو وەرگێڕانەکەی بە دەقێکی دیکەی شیعری لە قەڵەم دەدات. دەقێک کە بە هۆی وەرگێڕ و لە ئەنجامی خوێندنەوەی شەخسی ئەو لە شیعرەکە، کەشف کراوە. دەقێک کە لە هەمان کاتدا کە دەقی یەکەمە، دەقی دووهەمیشە. لە هەمان کاتدا کە شیعری شاعیرەکەیە، خوێندنەوەی وەرگێڕ یان با بڵێین شیعری وەرگێڕەکەشە.

***

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم کتێبەی بەردەستتان، کۆمەڵێک شیعر لە چواردە شاعیری ناوداری سەدەی بیستەم - کە بە قەڵەمی کامبیز کەریمی کراون بە کوردی - شتێکی زیاتر لەوەی کە لەو چەند لاپەڕەی پێشوودا گوترا، ناگوترێت. وەرگێڕ هەموو شیعرەکانی (جگە لە شیعرەکانی ئەحمەد شاملوو) نەوەک لە زمانی شاعیرەکان و لە ڕووی دەقی یەکەمەوە، بەڵکوو بە ناوبژیکاری زمانی فارسی و لەڕووی دەقە وەرگێڕدراوەکانەوە کردووە بە کوردی. من هیچکام لەو دەقانەم لەبەر دەستدا نییە، تا خۆم بە کردەی بێهوودە و بێمانای بەراورد کردنیانەوە سەرقاڵ بکەم. ئەوەی کە لێی دڵنیام و ئەم دڵنیاییەشم لە خودی شیعرەکان و پێکهاتەو داڕشتنیان وەرگرتووە، ئەوەیە کە چ کامبیز و چ وەرگێڕەکانی بەر لە ئەو زۆربەیان بەقەدەر توانا هەوڵیان داوە کە بەرامبەر بە دەقی شاعیرەکە و پێکهاتە و فۆرمی شیعرەکان وەفادار بن. بەو مانایە کە ئەم وەرگێڕانە، وەرگێڕانێکی ئازاد نییە. لە هەرحاڵدا ئەمە ئەو شتە نییە کە سەرنجی منی ڕاکێشابێت. ئەوەی کە لێرەدا بەلای منەوە گرنگە و حەز دەکەم ئاوڕی لێ بدەمەوە، مەبەستی سەرەکی وەرگێڕە بۆ هەڵبژاردنی ئەم شیعرانە لەم چواردە شاعیرە.

بە دڵنیاییەوە ئەم شاعیرانە - کە وەرگێڕ بە چواردە سەرکۆماری شیعر ناویان دەبات - (ئەگەرچی چەند کەسێکیان بۆ خوێنەری کورد ناوی زۆر ئاشنا نین) - بەشێکن لە ناودارترین شاعیرانی سەدەی ڕابوردوو. کەسانێک کە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر شیعری مۆدێڕن و شاعیرانی نوێخوازی سەدەکە هەبووە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەوەی کە کامبیزی کەریمی بۆ بژاری ئەم چواردە شاعیرە و وەرگێڕانی ئەم کۆمەڵە شیعرە هانداوە، نە پلەو پایەی شیعری و ئەدەبیی شاعیرەکان و نە پێشکەشکردنی باشترین نموونەکانی شیعری مۆدێڕنە؛ چونکە ئەگەر وا بوایە جگە لەم ناوانە گەلێک ناوی دی هەن کە دەورێکی دیارتر و بەرجەستەتریان لە تازەکردنەوەی شیعر و خەبات لە پێناوی چەسپاندنی مۆدێرنیزمی شیعریدا گێڕاوە. شاعیرانێکی وەک ئێزرا پاوند و ...، هەروەها گەلێک شاعیری دیکە کە دانەری بەیاننامەی قوتابخانە مۆدێڕنەکانی شیعر بوون. ئەمەو جۆری

هەڵبژاردنی شیعرەکان لە ناو خەرمانەی شیعری شاعیرەکاندا (بەشێک لەم شیعرانە بەناوبانگترین شیعری شاعیرەکانیان نین) وام لێ دەکات کە بڵێم هۆی سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم شیعرانە، نەوەک شاعیرەکان و ناو و ناوبانگیان، بەڵکوو خودی شیعرەکان و تایبەتمەندییەکانیانە. ڕەنگە ئەم بۆچوونەی من لەگەڵ هەڵبژاردنی ناو بۆ کتێبەکە لە لایەن وەرگێڕەوە یەک نەگرێتەوە. چواردە سەرکۆماری شیعر، زیاتر ناوێکی شاعیر تەوەرەیە. بەڵام ئەوەشم لە بیر ناچێتەوە کە کامبیز کەریمی خۆی شاعیرە و هەڵبژاردنی شیعر لە لایەن شاعیرێکەوە بۆ وەرگێڕان، بەرلەوە هەڵبژاردنی شاعیر بێت بە هۆی ناو و ناوبانگییەوە، هەڵبژاردنی شیعرە لەبەر خودی شیعر. شاعیر کاتێک بڕیاری سەختی وەرگێڕانی شیعر دەدات - بە سەرنجدان بەوەی کە پێشتر دەربارەی ئەم کردەیە گوترا لە ڕاستیدا بڕیاری نواندنەوە، یان ئەگەر بشێ بگوترێت داهێنانەوەی جیهانێک دەدا کە خۆی زیاتر لە هەموو کەس لەو جیهانەدا هەست بە ئارامش دەکات. لە خۆوە نییە کە شیعرەکانی ئەم کتێبە، وێڕای جیاوازی شاعیرەکانیان، وێڕای جیاوازی ئەو زمانانە کە تیایاندا لە دایک بوون، دەڵێی زۆربەیان بە هەست و قەڵەمی شاعیرێک و بەزمانێک ئەفراندراون؛ ڕەنگە هۆیەکەی ئەوەبێت هەموو ئەم شیعرانە داهێنانی شاعیرانی سەدەیەکن، داهێنانی شاعیرانێک کە زۆربەیان وەک یەک ژیاون، وەک یەک بیریان لە ژیان و لە مرۆڤ کردۆتەوە، وەک یەک لە چەمکە سەرەکییەکانی ژیان گەیشتوون، بۆیە شیعرەکانیشیان (لانیکەم شیعرەکانی ناو دووتوێی ئەم کتێبە)، شیعرن بە زمانێکی سادەی موتەوازع. داڕشتنێکی بێ گرێ و گۆڵ و بێ عەزیەت. شیعرێک کە لە کورتترین جۆری بەیاندا ئاوڕی قووڵ لە سەرەکیترین چەمکگەلێکی وەک ئازادی، عەشق و خۆشەویستی، دڵەڕاوکە و خەم و ئەندووهی ئینسانی و ... مەرگ دەداتەوە.



منیش دەڕۆم
باڵندەکان دەمێننەوە و دەخوێنن،
باخچەکەم دەمێنێتەوە،
لەگەڵ دارەسەوزەکە و ئەو چاڵاوە سپییە.
هەموو ئێوارەیەک
ئاسمان شین و ئارامبەخش دەبێ و
زەنگی کلیسا دەزرینگێتەوە،
وەک ئێوارەی ئەمڕۆ.
ئەوانەی وا منیان خۆش ئەویست دەمرن
دێیەکەمان هەرساڵ تازە و تازەتر دەبێتەوە.
لە سووچی سپیپۆشی باخچەدا
ڕۆحی من پڕ لە خەم، بێ ئامانج پیاسە ئەکا.
من دەڕۆم ...
تەنیا
ئاوارە
بێ ماڵ ... بێ دار ... بێ چاڵاو
بێ ئاسمانی شین و ئارامبەخش
بەڵام
باڵندەکان دەمێننەوە و دەخوێنن.

ئەمە شیعرێکی «خیمینێس»ە بۆ مەرگ. لە چەند شیعری دیکەی ئەم کتێبەدا هەر بەم شێوە باسی مەرگ دەکردرێت. هەروەها باسی ژیان و خۆشەویستی و خەمە قووڵە ئینسانییەکان.

زەوین، ئاسمان، دەریا، چۆم، باڵندە، داربەڕوو ... ئەمانە هەموو دنیان، کە لە سادەترین و کورتترین وێنە شیعرییەکاندا زوو زوو دەردەکەونەوە و دنیایەکی نوێی شیعری ساز دەکەنەوە؛ دنیایەکی ئاشنا بە دنیای شیعریی

خودی وەرگێڕ. دنیایەک کە وەرگێڕ هەموو ساتێک خۆزگەی داهێنان و داهێنانەوەی هەیە. سەرجەمی تایبەتمەندییەکانی ئەم شیعرانە (ئەو کەمەی کە ئاماژەی پێکرا و ئەو زۆرەی کە هێشتا نەگوتراوە) سەرجەمی ئەو تایبەتمەندییانەن کە وەرگێڕ بۆ شیعر بە گشتی و بۆ شیعری خۆی بە تایبەت، بە پێویستی دەزانێت. کەواتە دەشێ بپرسین، ئایا ئەمە مەبەستی سەرەکی کامبیز کەریمی شاعیرە بۆ هەڵبژاردنی ئەم شیعرانە، یان ئەو گوتەی ئۆکتاڤیۆ پاز کە خەتی ڕاست و چەپ بە هەموو گوتنەکانی من لەمەڕ خەیانەتی وەرگێڕی شیعردا دەهێنێت؟ پاز دەڵێت: "من بڕوام بەوە هەیە کە لە هەر سەردەمێکدا شاعیران، بە زمانە جیاوازەکان یەک شیعر دادەنێن. دەقی سەرەکی بوونی نییە؛ هەموو دەقەکان وەرگێڕانی ئەو شیعرەن، کە ئەویش خۆی وەرگێڕدراوێکە. هەموو زمانەکان وەرگێڕدراوی زمانێکی دیکەن، کە ئەویش خۆی وەرگێڕدراوە. هەر ڕستە، ڕستەیەکی دی وەردەگێڕێتەوە ..."



**دەروازەی بۆ...**

لێرە چواردە شاعیر نوستوون؛ چواردە ئینسان؛ چواردە گێڕانەوە و ڕەنگە چواردە فینجانی قاوە، تا ئێوارەیێکی دڵتەنگ نۆش بکرێ؛ تا ئۆمێد لە دەماری بووندا بەردەوام بێ.

لێرە چواردە سەرۆک کۆمار نووستون؛ چواردە دەسەڵاتی خەون؛ چواردە پارتی پەروانە و ڕەنگە چواردە کراسی سپی تا پەناگەی باڵندەکان بن.

لێرە چواردە سەرۆک کۆماری شیعر نووستون؛ چواردە نەتەوە؛ چواردە خاک و ڕەنگە چواردە چوارگۆشەی هەناسە تا بیرەوەرییەکان لەقاپ بگرن.



*Khwan Ramon Khimenez*
*1881 - 1958*

**بۆ ڕاکردن، بۆ کچۆڵەی خەونەکانم، بۆ سونبول شاتری**

# خوان ڕامۆن خیمینێس

گۆڕی تۆ
جیهانێکە لە خەون و پەپوولە
ئێستا تۆ
لە هەموو شوێنێکدا ئامادەی.

خوان ڕامۆن خیمینێس، لە مناڵییەوە شیعری دەنووسی و وێنەی دەکێشا. قۆتابی زانکۆ بوو لە بەشی ماف خوێندنی بە جێهێشت، بەڵام تا دوایین ڕۆژەکانی ژیانی شیعری نووسی و بە شوێن مافە ون بووەکەیدا گەڕا. لە ١٩١٢ وە تا ١٩٢٠ بەناوبانگترین شاعیری ئیسپانیا بوو و پێیان دەگوت «پاشای شیعر».

لە سەرەتای شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا بەرەو "کووبا" کۆچی کرد؛ کۆچ کردنێک کە سەفەری بێگەڕانەوەی بۆ ئیسپانیا بوو. ماوەیەک لە کووبا مایەوە، پاشان چووە ئەمریکا و لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە وانەی وتەوە. دڵەڕاوکێکانی خیمینێس لە ساڵی ١٩٥١دا ڕێگای لێ گرت و چووە «پۆرتریکۆ» و لە ١٩٥٨دا، مرد.

دوو کتێبی خیمینێس، واتە «گۆرانییە خەمناکەکان» و «باخچەکان» بناغەی شیعری مۆدێرنی ئیسپانیایە و هەر ئەم دوو کتێبە، توانی خیمینێس وەکو ڕابەری شیعری تازەی ئیسپانیا بە دنیا بناسێنێ لە ساڵی ١٩٣٦ دا کاتێ ڕۆژنامەوانێ لە لۆرکا دەپرسی بەڕای ئەو «باشترین شاعیر کێیە» لۆرکا وەڵام ئەداتەوە، من دوو مامۆستام هەیە خیمینێس و ماچادۆ.

خیمینێس کاتی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل ڕایگەیاند: لۆرکا و ماچادۆ نەمرانی شیعرن. شیعری خیمینێس پڕە لە هەست و ئیمان. سەرچاوەی زۆربەی شیعرەکانی دینە و ئەم هەست و ئیمانە لە دوایین کتیبی دا -wese maws dew tie-in ? (1949) گەیشتۆتە لووتکە. ڕووبەڕووبوونەوەی خیمینێس لەگەڵ مەرگ، ئەوپەڕی عیرفان و سەرسوورمانە.



## کچوڵەی شەل

کچوڵە پێدەکەنێ
– ڕاوێستێ با بڕۆم چێوشەقەکەم بێنم –
هەتاو و گوڵەباخی هەڵدەزنێن،
هەوری سەوز و ڕوون لەگەڵ شنەی تەدارەکی نەمامەکان،
جریوە جریوی باڵندەکان: شەماڵی باکووری خۆرهەڵات.

کچوڵە پێدەکەنێ
– ڕاوێستێ با بڕوم چێوشەقەکەم بێنم –

ئاسمانێک لەخەون و هەوریشم لە دڵدا ون ئەبێ
یاری دەکەن منالانی سپی پۆش
شەلاڵی عارەق ئەبن، ماندوو ئەبن، هاوار ئەکەن:
«ڕاکە»
کچوڵە پێدەکەنێ
تۆ خوا... ڕاوێستێ با بڕۆم چێوشەقەکەم بێنم –
***

چاوی دەدرەوشێتەوە،
پای ئاوێزان...
نامۆ... شانی دێشێ
هەناسە سوار، دێت و پاڵ ئەدا بەداری گەزەوە
دادەنیشێ،

پێدەکەنێ،
دەگری و هەمدیس پێدەکەنێ.
- ڕاوێستن با بڕۆم چێوشەقەکەم بێنم-

بەڵام باڵندەکان ڕاناوێستن،
مناڵەکان ڕاناوێستن،
بەهار لە هەڵە دایە
جەژن و شادمانی هی ئەوەیە وا ڕادەکا و دەفڕێ.

کچوڵە پێدەکەنێ
- ڕاوێستن با بڕۆم چێوشەقەکەم بێنم-



## باشترین بەردەنووسی قەبر بۆ مەلەوانێک

بۆ دۆزینەوەی گۆڕی تۆ
دەبێ تاقی ئاسمان بگەڕێین.

مەرگت لە ئەستێرەوە دەبارێ
گڵکۆیەک لەسەر سنگت قورسایی ناکا
گۆڕی تۆ
جیهانێکە لە خەون و پەپوولە،
ئێستا تۆ،
لە هەموو شوێنێکدا ئامادەی
ئاسمان... دەریا... زەمین... مەرگ.

## دەنگی ئەو دیوی دیوار

لەو دیوی ئەم دیوارەوە
تەنیا دەنگی تۆ و دیوارێ،
ئاسمان لە دنیا جیا ئەکاتەوە.

چ سامناکە
هەمووان لەو دیوی دیوارن
درۆزن... گێژ
نە من و نە تۆ
ناتوانین بیانبینین.



## تۆ

هەموو ڕادەبوورن
سەوز، سوور
تۆ لەو سەرەوەی، سپی.

هەموو لە شەڕدان
تۆ لەو سەرەوەی ئارام و ئاشتیخواز.

هەموو ڕەت دەبن.
تۆ لەو سەرەوەی پاک.

## دوایین سەفەر

منیش دەڕۆم
باڵندەکان دەمێننەوەو دەخوێنن،
باخچەکەم دەمێنێتەوە،
لەگەڵ دارەسەوزەکە و ئەو چاڵاوە سپییە.
هەموو ئێوارەیەک
ئاسمان شین و ئارامبەخش دەبێ و
زەنگی کلیسا دەزرینگێتەوە، وەک ئێوارەی ئەمڕۆ.

ئەوانەی وا منیان خۆش ئەویست، دەمرن
دێیەکەمان هەر ساڵ تازە و تازەتر دەبێتەوە.
لە سووچی سپی پۆشی باخچەدا
ڕۆحی من پڕ لە خەم، بێ ئامانج پیاسە ئەکا.

من دەڕۆم...تەنیا، ئاوارە
بێ ماڵ... بێ دار... بێ چاڵاو
بێ ئاسمانی شین و ئارامبەخش.
بەڵام
باڵندەکان دەمێننەوە و دەخوێنن.



***Anna Andreeana akhmatov***
***1889 - 1966***

**بۆ هەرکەسێ، بۆ خۆم، بۆ تو، بۆ مردووەکانمان، بۆ زیندووەکانمان**

# ئانا ئەخماتۆڤا

بەتەنیا جێم مەهێڵە... مەڕۆ.
بزەیەکی ترسناک ڕوخساری داپۆشی و
سارد گوتی: لەبەر... با دا مەوێستە سەرمات دەبێ.

ئانا ئەخماتۆڤا ساڵی ١٨٨٩ زایینی لە شاری مۆسکۆ لە دایک بوو و لە ساڵی ١٩٦٦ زایینیش، لە نەخۆشخانەیەک لە شاری مۆسکۆ دنیای بەجێ هێشت. یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی، بە نێوی «شەو» ساڵی ١٩١٢ چاپ کرد و لە ساڵی ١٩٣٥ تا ١٩٤٠ خەریکی چامەی «مەرسیە» بوو ڕەخنەگرانی شیعری ڕووس دەڵێن مەرسیە شاکاری شیعری مودێرنی ڕووسیەیە. شیعری ئەخماتۆڤا سەر بە بزووتنەوەی ئەدەبی «ئەکمەئیسم»ە. ئەکمەئیسم بزووتنەوەیەکی پڕاوپڕ خۆماڵی ئەدەبی ڕووسیەیە؛ ئەم مەدرەسە ئەدەبییە، لە لایەن «گۆمیلیف»، «گرودتسکی»، «مەندلشتام»، «ئەخماتۆڤا» و «پاسترناک»ەوە بۆ بەرەنگاری و بەربەرەکانێ بەرامبەر بە «سەمبۆلیسم» ڕێکخرا و بەپێچەوانەی «فۆتۆریسم»ەوە بە شوێن هیچ جۆرە هەڵوێست گرتنی ئینقیلابی و کەڵک وەرگرتن لە ئەدەب بۆ شۆڕش نەبوو.

ئەکمەئیسمەکان لە بەیان نامەکەیاندا دەڵێن: بۆ ئێمە گوڵێکی سوور بە بۆنەی پەڕەکانی و ڕەنگ و بۆنیەوە گوڵێکی سووری ڕاستەقینەیە و هیچ پێوەندییەکی بە عەشقی پڕ ڕاز و یان هیچ شتێکی دیکەوە نییە. ئانا ئەخماتۆڤا یەکێ لە سەرقافلەکانی ئەکمەئیسمە؛ چون وەکو شاعێرێ هیچ کاتێ پێی خۆش نەبوو بخرێتە ڕیزی شاعیرانی شۆڕشگێڕەوە و ئەمەش بوەتە هۆی ئەوەی زۆرتر لە هەر شاعیرێکی ڕووس، کارتێکەری لە سەر شاعیرانی پاش خۆی وەک «بلا ئاخمادۆلینا» و «ئاندرێ وازنیسکی» بوویێت. شیعری ئانا پڕە لە ژیان، پڕە لەبیرەوەری و عەشق. شیعرێکی نییە لانیکەم لە دێڕێکیدا کەسێ، خۆشەویستێ یان دوژمنی خوێ حەشار نەدابێ.



### سێ شتی خۆش دەویست

ئەو لەم دنیایەدا
سێ شتی خۆش دەویست
نزای شەوانە
تاووسی سپی و
نەخشەی ڕەنگ هەڵگەڕاوی ئەمریکا.

زۆریش ڕقی،
لە
سێ
شت بووە:
گریانی مناڵان
مرەبای تووترگ لەگەڵ چای و
بۆڵە بۆڵی ژنانە.

ئاااااااااای
من... هاوسەری بووم.

# وامان ئەزانی چەوساوەین

پێمان وا بوو
چەوساوەین و نەدار
بەڵام کاتێ فەوتانی هەموو شتێ دەستی پێکرد،
هەموو ژیانمان بووە بیرەوەری،
ئەوسا ئیتر
شیعرمان وت...
شیعرمان وت
بۆ ئەو شتانەی بوومان،
بۆ بەخشەندەیی خوا.



# بیرەوەرییەک لە دەروونما

بیرەوەرییەک
وەک بەردێ سپی لە قووڵایی چاڵێک لە دەروونمایە
نامەوێ لەگەڵیا بە شەڕ بێم، ناشتوانم
بۆ من
هەم شاییە و هەم خەم.

ئەگەر کەسێ بڕوانێتە ناو چاوم دەیبینێت و
غەمگین دەبێ
غەمگین... تا ئەو ڕادەی کە دەڵێی داستانێکی پڕ لە خەمی بیستووە.

من دەزانم
خواکان، مروڤ دەکەن بە شتێ
بێ ئەوەی ڕۆحی لێ بستێنن.
تۆش بوویتە بەردێ لەدەروونی مندا
تا کەسەر ئەبەدیی کەیت.

# دەستم لەپشت پشتێنمەوە

دەستم لە پشتێنم گرێ داوە
ئەمشەو
بۆچ وا ڕەنگم هەڵگەڕاوە؟

شەرابێکی تاڵ، پڕ لە ئەندووهێکی ئەبەدیم دەرخواردی دا.
دەتوانم فەرامۆشی کەم؟ بەڵێ دەتوانم فەراموشی کەم.
مەست ڕۆیشتە دەرەوە.
وەک دێوانە بەشوێنیا ڕام کرد
بە پلەکاندا داگەڕام
گەیشتمە کووچە
هاوارم کرد
گاڵتە بوو...
بڕوابکە... گاڵتە بوو
بەتەنیا جێم مەهێڵە... مەڕۆ...

بزەیەکی ترسناک ڕۆخساری داپۆشی و
سارد گوتی:
لە بەر... با دا... مەوێستە... سەرمات دەبی.



***Marina Tsuetaeva***
***1892 - 1941***

**بۆ ڕەنگ، بۆ ئەحمەد خەلیلی فەرد**

# مارینا تسۆتایڤا

"با ئێستا"
هەموومان لەژێر خاکدا بنووین
لە ژێر خاکدا
ئەو خاکەی وا هەرگیز دەرفەتی ئەوەمان بە یەکدی نەدا
تاوێ لەسەری بحەسێینەوە.

مارینا تسوتایڤا دوابازنەی زەنجیرە خۆکوژییەکانی شاعیرانی ڕووس بوو.

٢١ دسامبری ١٩٢٥ «یسەنین» - شاعیری گەورەی ڕووس - لە ژوورێکی میوانخانەی «ئەنگلتر» بە قەڵەم تەراش ڕەگی دەستی خۆی ئەبڕێ و کۆتایی بە ژیانی دێنێ؛ تا «مایاکۆفسکی» بڵێ: ئەگەر نەنگلتر تەنیا تۆزێ مەرەکەبی هەبووایە، تۆ ناچار نەدەبووی ڕەگی دەستت ببڕی. ١٤ ئاوریلی ١٩٣٠ ڤلادیمیرمایاکۆفسکی لە ماڵەکەی لەگەڕەکی «یوبی یاسکی» فیشەکێک دەنێ بە سەری خۆیەوە و..... مارینا تسۆتایڤا شیعرێکی بۆ دەنووسی لە هەفت بەشدا و لە بەشی شەشەمدا یسەنین و مایا کۆفسکی لە بەهشت دیدار دەکەن. مارینا تسۆتایڤا، لەو پەڕی تەنیایی و خەمدا لە ١٩٤١ لە«یلابوکا»خۆی دار قەواخ ئەداو کوتایی بە چەرمەسەری خۆی دێنێ.

مارینا تسۆتایڤا لە ساڵی ١٨٩٢زایینی لە دایک بوو. یەکەم کومەڵە شیعری لە ١٩١٠ چاپ کرا. شیعری تسۆتایڤا ئەگەرچی لە نێوان بزووتنەوە ئەدبیەکانی جۆراوجۆری ئەدبی ڕووسیە و وەکو سەمبولیسم، فوتۆریسم و ئەکمەئیسمدا سەری هەڵدا، بەڵام ڕاستەوخۆ پێوەندی بە هیچ کامیانەوە نییە.

شیعری مارینا تسۆتایڤا، شیعری «تەزاد»ە؛ شیعرێکە کە جێیەک بۆ ئارامشت و بەختەوری نادۆزیتەوە.



تسوتایڤا سەبارت بە شیعر بۆچوونێکی سەیری هەیە؛ دەڵێ: ئەگەر کتێبێ بخوێنمەوە و هەر هەموو جەستەم وەها سەرد بێتەوە کە هەست کەم هیچ ئاگرێ ناتوانێ گەرمم کاتەوە؛ دەزانم ئەو کتێبە، شیعرە.ئەگەر هەست کەم تەوقی سەرمیان هەڵکەندووە، دەزانم شیعرە.

# ڕامووسانی سەرت

ڕامووسانی سەرت،
چارە ڕەشی پاک ئەکاتەوە
سەرت ماچ ئەکەم.

ماچێکی لێوت،
قووڵترین تینویەتی پاراو ئەکا
لێوت ماچ ئەکەم.

ڕامووسانی سەرت،
هەموو بیرەوەرییەکان پاک ئەکاتەوە
سەرت ماچ ئەکەم.



# کوێستان

نە «سینا» و نە «پارناس»
تەنیا تەپۆڵکەیەکی ڕووت و عەسکەری
ئامادەی تەقە.

هەرچەن پاییز بوو، نە بەهار
نازانم بۆچ
لە چاوی منەوە بەهشت بوو ئەو کێوە؟

## حەقیقەت

حەقیقەتێ...
دەزانم
لە هەموو
حەقیقەتەکانی-تر گەڕێ
خەڵکی
لە هیچ شوێنیکی ئەم جیهانە
نیازی بزووتنەوەیان نییە
بڕوانن شەوە - تاڕادەیەک شەوە -

باسی چ دەکەن
شاعیران،
ئاشقان،
ژەنراڵەکان
- با -
ئارام ڕادەبووریێ و
زەمین لە شەونم تەڕە
تۆفانی ئەستێرەکان
لە ئاسماندا بەرەو ئارامشت دەڕوات.

بائێستا
هەمووومان
لەژێر خاکدا بنووین



لەژێر خاکدا
ئەو خاکەی وا
هەرگیز
دەرفەتی ئەوەمان بەیەکتر نەدا
تاوێ
لەسەری بحەسێینەوە.



***Vederica Garcia Lorca***
***1898 - 1936***

**بۆ عەتا نەهایی، سەر کۆماری باڵندەکان**

# فدریکو گارسیا لۆرکا

کاتێ مردم
لەگەڵ گیتارەکەم بمنێژن
لە ژێر لم.

فدریکو گارسیا لۆرکا، گوناحترین شاعیری سەدەی بیستەمە. چۆنیەتی کوژرانی لە زمانی ئەفسەریکی فالانژەوە، نموونەیەکە لە بێرەحمیی دیکتاتۆرەکان و گۆناح بوونی هەموو ئەوانەی لە سەر هیچ، یا لانی کەم بیر و باوەڕ دەکوژرێن. ڕووبەڕوو بونەوەی لۆرکا لەگەڵ مەرگ سەیرە، لە سەربازێکی فالانژ دەپرسێ «مەرگ ئێشی زۆرە؟»

سەرنجی لورکا بۆ مانگ و زەمین و دەوروبەری خۆی لە کاتی ڕۆیشتن بەرەو کوشتارگە ئەوەندە سەیر و سەمەرەیە کە تەنیا شاعیرێ دەتوانی وابێ. فدریکو گارسیا لۆرکا لە ١٩ ئاگۆستی ساڵی ١٩٣٦ زایینی - دوو ڕۆژ دوای دەستگیرکردنی لە، ڕەشبگیری پاش کوودەتای ژنراڵ فرانکۆ - ئیعدام کرا. ساڵەها مەرگی لە تارماییدا بوو تا ئەفسەریکی «گاردسویل» چۆنیەتی کوشتنەکەی ڕاگەیاند.

لۆرکا شاعیری مەرگ و قەرەجە، شاعیری ئیسپانیا و ئەمریکای لاتین و جیهان، شاعیری گوناحی سەدەی بیستەم.

لۆرکا ساڵی ١٨٩٨ زایینی لە «گرانادا» لە دایک بوو. سەرەتای ژیانی تەژی بوو لە موسیقا؛ بە پیانۆ بەشگەلێ لە سەمفۆنییەکانی «بێتهۆڤێن» و «شۆپن»ی دەژەند. هەر لە یەکەم ساڵەکانی نووسینی شیعریەوە، شاعیری گەورەی ئیسپانیا خوان ڕامۆن خیمینێس لایەنگری لێکرد.

ساڵی ١٩٢٩ بۆ درێژە پێدانی خوێندن، چووە ئەمریکا؛ بەڵام تەنیا دەسکەوتی لەم وڵاتە کتێبی «شاعیر لە نیویۆرک» بوو.

لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا و دوای کوودەتای فرانکۆ، تیرباران کرا.



## غەزەلی ئاوی دەریا

دەریا کەنی لە دوورەوە
ددانی کەف و لێوی ئاسمان.
چ دەفرۆشی کەنیشکی مەمک ڕووتی سەرگەردان؟
من ئاوی دەریا دەفرۆشم کاکە.
کوڕی ڕەش
چی لە ناو خوێنت دایە؟
ئاوی دەریا قوربان.
دایکەکەم سەرچاوەی ئەم ئەسرینە سوێرەت کوێیە؟
من ئاوی دەریا دەگریم... کوڕم.

دڵی من و
ئەم تاڵییە سامناکەی
لە کوێ هاتە دنیا
ئاوی دەریا زۆر تاڵە برا.

دەریا کەنی لە دوورەوە
ددانی کەف و لێوی ئاسمان.

# وەسیەت

کاتێ مردم
لەگەڵ گیتارەکەم بمنێژن
لەژێر لم.

کاتێ مردم
لە نێوان دارلیمۆ و
بنچکی نەعناوە...

کاتی مردم
لە خاکدا بمنێژن
یان لە – با– نوێنێکدا.

کاتێ مردم...



# ئاوازێکی منالآنە

«دایە... حەزئەکەم بمە نۆقرە»
سەرمات ئەوێ کوڕەکەم.
«دایە... حەزئەکەم بمە ئاو..
نە...
فرە سەرمات ئەوێ ڕۆڵە.

«دایە... دایە
دەی بمدوورنە قەو سرنگاوە».
ئەمە مزەڕەتێکی نییە... هەر ئایسە.

.............................................................

شیعری ئاوازێکی منالآنە بە زاراوەی ئەردەلانی وەرگێڕاوە.

## قەسیدەی گریان

پەنجەرەی بانیژەم بەستووە
نامەوێ دەنگی گریان ببیستم.
بەڵام لەو پەڕی دیواری خۆڵەمێشەوە
هیچ نایەتە گوێ
بێجگە لە گریان.

لێرە نە فریشتەیەک ئاواز دەچڕێ
نە سەگێ دەوەڕێ.
هەزار ساز لە لەپی من دایە،
بەڵام گریان سەگێکی قەڵەوە
گریان فریشتەیەکی قەڵەوە
گریان سازێکی قەڵەوە.

لێرە گریان سوپای - با -ی تێشکاندووە و
هیچ نایەتە گوێ
هیچ... جگە لە گریان.



## ئاوازی سوار

لە مانگی ڕەشی چەتەکانا
ئاوزەنگییەکان گۆرانی ئەڵێن.
جووانوی ڕەش
سوارە مردووەکەت
بۆ کوێ ئەبەی؟

ئاوزەنگی چەتەکانی خامۆش
لەغاویان بەربووە.
جووانوی نائومێد
چ بۆنێکی هەیە چرۆی ئەستیرە؟

مانگی ڕەش و فوارەی خوێن
لە هەورازی «سیەرامورنا».
جووانوی ڕەش
سوارە مردووەکەت
بۆ کوێ ئەبەی؟

ئاوزەنگی دەسوێ بە سەر پەراسووی ڕەشیەوە
ئاوزەنگی
وەک چزووی ئەستێرە.
جووانوی نائۆمێد
چ بۆنێکی هەیە چرۆی ئەستێرە؟

کەپرێک لە مانگی ڕەشا و
شاخی بەرزی خەرمانەی ئاگر.
جووانووی ڕەش
سوارە مردووەکەت بۆ کوێ دەبەی؟



## ورلن

گۆرانییەک کە نامەوێ بیلێیمەوە
نوستووە لە سەر زارم،
گۆرانیەک کە نامەوێ هەرگیز بیلێیمەوە.

وەختێ لە سەر داری یاس،
پەروانەیەک دەدرەوشایەوە و
مانگ بە تریفە چزووی ئەدا لە ئاوی ڕووبار،
من خەونی گۆرانییەکم بینی کەنامەوێ...
هەرگیز...
بیلێیمەوە...
گۆرانییەک پڕلە لێو و
پڕ لە ڕیگای دوورەدەست،
گۆرانی کاتە ونبووەکان
لە
سێبەردا
گۆرانی ئەستێرە زیندووەکان لە ڕۆژی ڕۆشندا.

## قەسیدەی کۆترە ڕەشەکان

لە سەر لقی داری «غان»
دوو کوتری ڕەشم بینی
یەکیان خۆر بوو و... ئەویدی مانگ.
دراوسێ چکۆلەکانم،
گۆڕی من لە کوێ ئەبێ؟ من وتم.
لە سەر کلکی من. خۆر وتی.
لە ناو گەرووی منا. مانگ وتی.

کاتێ زەمینم نابووە سەر شانم و دەڕۆیشتم
دوو هەڵۆی بەفرینم دی و کچێکی ڕووت،
یەکیان ئەویدی بوو و کچ هیچ نەبوو.
هەڵۆ چکۆلەکان گۆڕی من لە کوێ ئەبێ؟ من وتم.
لە سەر کلکی من. خۆر وتی
لە ناو گەرووی منا. مانگ وتی.

لەسەر لقی داری غان
دوو کۆتری ڕووتم بینی...
یەکیان ئەویدی بوو... هەر دوویان هیچ نەبوون.



***Jacques Preuert***
***1900 - 1977***

**بۆ ئەوانەی کوڕەکانیان لە شەڕدا کوژراون**

# ژاک پرەوەر

ژیان درێژەی هەیە
ژیان لەگەڵ ڕستن و شەڕ و کار دا
ژیان لەگەڵ کار و شەڕ، ڕستن و شەڕدا.
ژیان لەگەڵ، گۆڕستاندا.

ژاک پرەوەر، یەکێکە لە بەناوبانگترین شاعیرانی سەدەی بیستەمی فەرەنسا کە لە ناو گەلانی دیکەدا کەمتر ناسراوە. پێش شەڕی یەکەمی جیهانی لە دایک بوو. لە نێوان ساڵە ئاشوفتەکانی ئەوروپا گەشەی کرد. کاتی شەڕی گەورەی دووهەم، گەیشتە لووتکە و لە ئارامشتی فەرەنسا و ئەوروپادا مرد.بارودۆخی سیاسی سەردەمی پرەوەر بارودوخێکی شڵەژاو بوو؛ بارودۆخی بزووتنەوە و شەڕ و مەرگ. پرەوەریش سیاسی نەبوو ئەمەش یەکێ لە هۆکانی ناوبانگ دەرنەکردنی ئەم شاعیرە لە جیهانی دەرەوەی فەرانسا بوو.

چاپی یەکەمین کتێبی شیعری پرەوەر – لە ژێر ناوونیشانی «وتەکان» – وەیشوومەیەکی سەیری خستە نێو شاعیران و ڕەخنەگرانی شیعری فەرانسیاوەو، ماوەیەکی زۆر قسەوباس لەسەر ئەم کۆمەڵە شیعرە کرا.

پرەوەر لە سادەترین وێنەکان، شیعرێکی قووڵ و پڕ مانا دروست ئەکا و هەمیشە لەدوادێڕیدا دەستی خوێنەر ئەگرێ و دەیباتە دنیایەکی تازەوە.

پرەوەر شاعیری دروست کردنی هەمووشتێکە لە هیچ.



## بۆ تۆ

ڕۆیشتمە گەڕەکی باڵندە فرۆشەکان و
باڵندەیەکم بۆ کڕیت.
بۆ تۆ خۆشەویستم.
ڕۆیشتمە گەڕەکی گوڵ فرۆشەکان و
گوڵێکم بۆ کڕیت.
بۆ تۆ.

ڕۆیشتمە گەڕەکی ئاسنگەران و
زەنجیرێکم کڕی
زەنجیرێکی قورس، بۆ تۆ.

ئەوسا ڕۆیشتمە گەڕەکی بەردە فرۆشان و
بۆت گەڕام
بەڵام...
نە...
نەبوویت... نەبوویت... نەبوویت.

# بنەماڵە

دایکەکە خوری ئەڕێسێ،
کوڕەکە شەڕ ئەکا.
بەڕای دایکەکە،
ئەم بارودۆخە زۆر ئاساییە.

باوکەکە چی؟
ئەو چی دەکا؟
باوکەکە کار ئەکا... کاااااار...
ژنەکەی خوری ئەڕێسێ،
کوڕەکەی شەڕ ئەکا.
بەڕای باوکەکە،
ئەم بارودۆخە زۆر ئاساییە.

باشە...
کوڕەکە چی؟
کوڕەکە ڕۆژگار چۆن ئەبینێ؟
کوڕەکە...
هیچ...
هیچ...
هیچ.
کوڕەکە...
دایکی خوری ئەڕێسێ،
باوکی کار ئەکا و
خۆشی شەڕ،



کە شەڕ تەواو بوو...
دێتە بن دەستی باوکی و دڵ ئەسپێرێ بە کاااااااااااار.

شەڕ درێژەی هەیە،
دایکەکە خەریکە خۆری ئەڕێسێ
باوکەکە خەریکە کار ئەکا
کوڕەکە... دەکوژرێ و ئیتر خەریکی هیچ نییە.
باوکەکە و
دایکەکە
دەڕۆن بۆ گۆڕستان.
بەڕای
باوکەکە و
دایکەکە
ئەم بارودۆخە زۆر ئاساییە.

ژیان درێژەی هەیە
ژیان لەگەڵ
ڕستن و
شەڕ و
کار دا
ژیان لەگەڵ
کار و
شەڕ،
ڕستن و
شەڕدا.
ژیان لەگەڵ، گۆڕستاندا.

# پاریس لە شەودا

لە تاریکی شەودا، سێ شقارتە داگیرسا،
یەکەم بۆ دیتنی ڕوخسارت
دووهەم بۆ دیتنی چاوت
سێهەم بۆ دیتنی لێوت،
تاریکیش بۆ ئەوی تا بە یەکجاری هەموویان بێتەوە یادم و
توند لە باوەشت گرم.



# چەپکە گوڵ

لێرە خەریکی چیت کچۆڵە
بەم چەپکەگوڵە تازەوە؟

لێرە خەریکی چیت کەنیشکەکە
بەم چەپکەگوڵە تینووەوە؟

لێرە خەریکی چیت خانم
بەم چەپکەگوڵە سیسەوە؟

لێرە خەریکی چیت دایە
بەم چەپکەگوڵە سەرەمەرگەوە؟

کاکە...!
چاوەڕێی جەنگاوەرێکی سەرکەوتووم.



*Vitezslav Nezval*
*1900 - 1989*

**بۆ زەمان، بۆ دیاردەکان، بۆ هادی زیائەدینی**

# ڤیژلاڤ نێزڤاڵ

ئەگەر مەرگ نیازی وا بێ لە ناکاو دەستم بگرێ
زۆر پێم خۆش بوو
کواڕێکی شەش ساڵە بوومایە.

ڤیژلاڤ نێژڤاڵ یەکێ لە گەورەترین شاعیرانی وڵاتی ئێستا دوو پارچە بووی«چێکوسلۆڤاکی» لە نێوان دوو شەڕی جیهانیدا بوو. لە سەرەتاوە وەک شاعیرێکی چینی کرێکار، ناوبانگی دەرکرد و پاشان خۆی بزووتنەوەیەکی شیعری ڕێکخست و ناوی لێنا «مەکتەبی شاعیری» کە دژایەتییەک بوو بەرامبەر بە ئامۆژگاری و ڕاگەیاندنە حزبییەکان.

نێژڤاڵ لە دەورانی گەشە کردنیا کەوتە ژێر کاریگەریی «سووریا لیزمی فەرەنسی» و ماوەیەک لاسایی ئەم شێوە ئەدبییەی کردەوە؛ بەڵام دوایی توانی سووررێئالیسم لەگەڵ زمان و سۆننەتی ئەدەبی چێکدا نزیک کاتەوە و بە شێوەیەکی سەیر، ڕۆحی ژیانی چیک لەم شێوە شیعریەدا نیشان بدات.

نێژڤاڵ سەبارەت بە شیعری خۆی دەڵێ: «دیاردە»کان و «شتە»کان دەیانەوێ ڕاستەوخۆ لە شیعردا دەرکەون؛ لەم ڕووەوە دەبێ زمان لە نێوان مانادا جێ بە جێ بێ. پەرداخ پێوەندی بە مێزەوە هەیە؛ ئەستێرە بە ئاسمان و دەرگا بە پلیکانەوە. هەر بەم بۆنەوە هیچ سەرەنجێک ڕاناکێشن، دەبێ ئەستێرە بڕواتە سەرمێز، پەرداخ بلکێ بە پیانۆوە و دەرگا بەرەو ئوقیانووس بکرێتەوە. شیعری نێژڤاڵ پڕە لەم پارادۆکسانە. فێژلاڤ نێژڤاڵ لە ساڵی ١٩٠٠زایینی لەدایک بوو و دوو ساڵ پێش چاپی دوا کتێبی بە نێو «کۆتایی پێهاتوو» واتە لە ساڵی ١٩٥٨ زایینی مرد.



## کاتژمێر لە گەڕەکی کۆنی جوولەکەکاندا

زەمان ڕادەکا
زەمان ڕادەکا لە شەقامی «پری کۆپی»
زەمان ڕادەکا وەک دووچەرخە سوارێکی قارەمان
کە وا دەزانێ دەتوانێ ماشینی مەرگ،
بە جێ بێڵێ.

زەمان ڕادەکا
زەمان ڕادەکا و...
تۆ لەو گەڕەکەدا کاتژمێرێکی
وا عەقرەبەکانی چەواشە دەخولێنەوە.

ئەگەر مەرگ نیازی وا بێ لە ناکاو دەستم بگرێ
زۆر پێم خۆش بوو
کوڕێکی شەش ساڵە بوومایە.

## دەرەوەی شار

دەرەوەی شار کڵاوێکی حەسیرییە و
یاری پەڕەیەکی ناتەواو.

دەرەوەی شار ئەسپێکی عەرەبانە بەکۆڵە
پڕە لە کورسی و سەبەتە.

ماڵەکانی دەرەوەی شار
بەستە پەنیری شپرز و شلن.

دەرەوەی شار
جگەرە دەکێشی
وەک لاوێ کە
چیرۆکێکی پۆلیسیی سەرسووڕهێنەری خوێندبێتەوە.



***Nazem Hekmat***
***1902 - 1964***

## بۆ زیندان، بۆ بوومەلیڵ، بۆ جەلال مەلەکشا

# نازم حیکمەت

خۆشەویستترین وڵاتی من زەمینە،
کاتێ نۆرەی من گەیشت،
لەشم بەزەمین داپۆشن.

نازم حیکمەت، کاتێ ڕۆژی سێهەمی ژووئیەی ساڵ **١٩٦٣** بەیانی زوو لە خەو هەستا، تا وەک هەموو ڕۆژێ بڕواتە بەر دەرگا و لە سەندووقی پۆستیەکەی نامە و ڕۆژنامەکان دەربێنێ، تەنیا توانی تا حەوشی ماڵەکەی بڕوات. مەرگ دەرفەتی نەدا و بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان وێستا. ئاخرین شیعری لە گیرفانی کۆتەکەیدا دۆزرایەوە کە بۆ «ڤیرا تولیاکۆا»ی نوسیبوو: وتی وەرە – وتی بمێنەوە – وتی پێکەنە – وتی بمرە – هاتم – مامەوە – پێکەنیم – مردم.

نازم حیکمەت پێشڕەوی شیعری نوێی تورکییە. ١٩٠٢ زاییەنی لە «سالونیک» لە دایک بوو. زۆربەی ژیانی لە زیندان و هەر هەموو تەمەنی ئاوارە و دەربەدەر بوو. زیندانەکانی تورکیە، نازم حیکمەت وەک دیوارەکانیان دەناسن.

نازم حیکمەت لە ساڵی ١٩٥٠، بۆ هەمیشە لە تورکیا هەڵات و تا کاتی مەرگ لە سۆڤیەت مایەوە.

شیعری نازم حیکمەت، شیعری بزووتنەوە؛ عەشقە، بزووتنەوە بۆ گەیشتن بە جوانی و عەشق بە ئازادی و بەرابەری. لە شیعری حیکمەتدا ئاشتی، شۆڕش، ژیان، مەرگ، شادمانی، ئەندووە و ئومێد، بەشێوەیەکی سەیر تێک ئاڵاون و ئەمەش گرنگترین لایەنی شیعری نازم حیکمەتە. بێگۆمان لە زمانی تورکیدا هیچ شیعریک تا ڕادەی شیعرەکانی نازم حیکمەت، پڕ لە مۆسیقا نین؛ مۆسیقایەک کە تایبەت بە هەمان شیعرە و لێی جیانابێتەوە.



## بۆ ڤیرا

وتی وەرە
وتی بمێنەوە
وتی پێبکەنە
وتی بمرە.

هاتم
مامەوە
پێکەنیم
مردم.

***

خوزگە دەمتوانی
سەرم لابەم و هەفتەیەک لە یەغانێکدا بیشارمەوە و
قوفڵی کەم.
- لە تاریکی یەغانێکی خاڵیدا-
ئەوسا، لە سەر شانمەوە
لە جێگای سەرم،
چنارێ بنێژم و بۆ هەفتەیەک، لە سیبەریا ئارام بگرم.



***

مردووەکانم وەک توو
بە سەر زەمیندا پڕاندووە
یەکێ لە «ئودێسا» نووستووە،
یەکێ لە «ئەستانبۆل» یەکێ لە «پراگ».
خۆشەویستترین وڵاتی من زەمینە،
کاتێ نۆرەی من گەیشت،
لەشم بەزەمین داپۆشن.

## حەسرەت

سەد ساڵ ئەبێ ڕوومەتیم نەدیوە،
دەستم لە بازنەی کەمەری نەئاڵاندووە،
بۆ بیلبیلەی چاوی نەمڕوانیوە،
لە بیری ڕووناکیم نەپرسیوە،
سەد ساڵە چاوەڕوانمە
ژنێ لە شارێ.

هەر دووکمان لە سەر لقێک بووین... لە سەر لقێ
لە چڵێکەوە کەوتینە خوار و جیابووینەوە
ماوەیەکی سەد ساڵە لە نێوانماندایە
ڕێگایەکی سەدساڵە.

سەدساڵە لە بوومەلێڵدا بە شوێنیا ڕادەکەم.



## شار، ئێوارە و تو

ڕووت
لە باوەشمدان.
شار، ئێوارە و تۆ.
نوورتان لە ڕۆخسارم دەدا و
بۆنی ئەگریجەتان شێتم ئەکا.

ئەم دڵە پڕ خورپەیە هی کێیە
وا دەنگی لە سەر هەناسەم «خورپە خورپ» ئەکا؟
هی تۆیە... یا شار... یان ئێوارە؟
یا هی منە؟

ئێوارە لە کوێ ئاوا دەبێ و شار لە کوێوە دەست پێدەکا؟
شار لە کوێ تەواو دەبێ و تۆ لە کوێوە دەست پێدەکەی؟
من لە کوێ تەواو دەبم و لەکوێوە دەست پێدەکەم؟

## کوڕەکەمان نەخۆشە

کوڕەکەمان نەخۆشە
باوکی لە زیندانە
تۆش سەرت لە سەر دەست قورسایی دەکا.
چارەنووسی ئێمەیە، چارەنووسی ئەم دنیایە.

تووشی ڕۆژانیکی باشتر ئەبن ئەم خەڵکە
کوڕەکەمان چاک ئەبێتەوە
باوکی لە زیندان ڕزگار ئەبێ
چاوانی هەنگوینی تۆش پێدەکەنن
چارەنووسی ئێمەیە چارەنووسی ئەم دنیایە.



## بێداری

چاو ئەکەیتەوە
لە کوێی؟
لە ماڵەوە.
هێشتا بە ماڵی خۆت ڕانەهاتووی،
تۆ... گێژی ... سیانزە ساڵ زیندانی.

ئەوە کێیە لە تەنیشتتەوە؟
هاوسەرەکەتە، وەک خواژنێ نووستووە.

خاتوونی دووگیانی من...
سەعات چەندە؟
هەشت.
تا شەو لە ئارامشت داین
لەم وڵاتە...
پۆلیس بە ڕۆژی ڕۆشن نارژێتە ناو ماڵ.
ڕەسم ئەمەیە...
ڕەسم ئەمەیە.

# ڕەنگە

شیعرگەلێ دەنووسم چاپ ناکرێ
بەڵام چاپ دەبن.
چاوەڕوانی نامەیەکم، خەبەریکی خۆشی تێدایە
ڕەنگە ڕۆژی مەرگم بگاتە دەستم،
بەڵام دەگات.
نە پارە و نە دەوڵەت
دنیا لە ژێر دەسەلاتی ئینساندا
ڕەنگە سەد ساڵی دیی
بەڵام وا دەبێ.



# خۆشم ئەوێی

خۆشم ئەوێی
وەک نان و خوێ
وەک لێوی یاوگرتووی، گڕ تێبەربوو
کاتێ نیوەشەوان
دەسوێتە شێری ئاو لە تاسەی تنۆکێ.

خۆشم ئەوێی وەک تاسە،
گومان،
ئینتیزار و نیگەرانی
کاتێ بە تەمای بەستەیەکی گەورە بکەیتەوە.

خۆشم ئەوێی وەک یەکەم سەفەر بەفڕۆکە لەسەر ئوقیانووس.
وەک وەیشوومەی دەروونم
لەرزیانی دڵ و دەستم
کاتی نزیکبوونەوەی ژوان لە «ئەستانبۆل».
خۆشم ئەوێی ...خۆش ...
وەک وتنی «خوایە.. شوکرت... هێشتا زیندووم»

# گەڵاڕێزان

پەنجا هەزار
شیعر و ڕۆمانم خوێندۆتەوە باسی گەڵاڕێزانیان کردووە.
پەنجا هەزار فیلمم دیوە گەڵاڕێزانیان نیشان داوە
پەنجا هەزار جار،گەڵاڕێزانم دیوە، داکەوتن و پرتووکانی گەڵاکان.
پەنجا هەزار جار،
خشەخشی گەڵام لە ژێر پێڵاوەکانما هەست کردووە.
بەڵام دیسانەوە گەڵاڕێزان دڵم دێنێتە ئێش،
بەتایبەت گەڵاڕێزان لە بلواردا،
بەتایبەت ئەگەر بەڕوو بێ.
بەتایبەت ئەگەر خۆرەتاو بێ.
بەتایبەت ئەگەر منالێ لەوێوە ڕەت بێ.
بەتایبەت ئەگەر، هەواڵێکی خۆشم سەبارەت بە دۆستێ بیستبێت.
بەتایبەت ئەگەر ئەورۆ دڵم نەهاتبێتە ئێش.
بەتایبەت ئەگەر ئەوسا بڕوام بێ؛ ئەوەی خۆشم ئەوێ خۆشی ئەوێم.
بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ خۆم و مرۆڤەکان ئاشت بم:
گەڵاڕێزان دڵم دێنێتە ئێش
بەتایبەت گەڵاڕێزان لە بلواردا
بەتایبەت ئەگەر بەڕووبێ.



*Langston Hughes*
*1902 - 1967*

بۆ کوڕ و کچانی ڕەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

# لانگستون هیوز

من ڕەشم.
ڕەش وەک ناخی ئەفریقای خوم.

لانگستون هیوز، بەناوبانگترین شاعیری ڕەشپێستی جیهانە؛ ئەگەر ڕەش بوون بەڵگەیەک بێت بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤەکان. یەکەم شیعری هیوز کە لە ١٩ساڵیدا لە ژێر ناوونیشانی «ڕەش لە ڕۆخانە دەدوێ» چاپ کرا بە تەواوی ئاوینەی باڵانۆێنی دنیای شیعری ئەم شاعیرییە. لەم شیعرەدا لانگستون ئیشارەت ئەکا بۆ ڕەش بوونی پێستی نەتەوەکەی و ئەو زوڵمە مێژووییەی کە لێیکراوە. هەروەها ڕۆخانە وەک «سەمبۆل»ی پاکی، قووڵی و بەرەو ئایندە چوون بە گیانی خۆی و نەتەوەکەی دەزانێ؛ بە کورتی شیعری هیوز شیعری غوربەت و «غوروور»ی ڕەشپیستەکانە؛ ڕەش پێستەکانی سەراسەری دنیا لە ئەفریقاوە هەتا جورجیا.

شیعری هیوز پڕە لە موسیقا؛ موسیقای سەیروسەمەرە؛ موسیقایەک لە نیوان ئەفریقا و ئەمریکا؛ «جاز» ێکی مولایم لە دێڕ دێڕی شیعرەکانیدا دێتە گوێ. خوێنەر زۆر جار نازانی کام دێر، پیت و وشەیە و کام دێڕ «نۆت» و «مێزراب».

هیوز ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەت بە گیانی نەتەوەکەی و بۆ پەرەپێدانی شیعر و ئەدەبی ڕەشپیستەکانی جیهان، هەوڵی زۆری دا.

ئەم شاعیرە ئەمریکییە لە ساڵی ١٩٠٢ زاییینی لە «ئیالەتی» میسوری، شاری چابلین، هاتە دنیای ڕەش و لە سالی ١٩٦٧ ڕۆحە سپییەکەی بۆ هەمیشە، گەڕەکی «هاڕلم» -گەڕەکی ڕەشپیستەکانی نیویورک-ی بەجێ هیشت.



## بۆ چاپ قەدەغەیە

وەیشوومەیە
ئەگەر ڕۆژێ مەسیح بێتەوە و پێستی وەک ئێمە ڕەش بێ،
ئەوسا خوا ئەیزانێ
چەن کلیسای ئەمریکا هەیە و ئەو ناتوانێ نوێژیان تێدابکا،
چونکا ڕەش
-هەر چەندەش پیرۆزبێ-
چوونی بۆ ئەو کلیسانا قەدەغەیە
ئاخر لەوێ
لە باتی دین،
تەرە ڕادەگەیندرێ.

حەی... حەی...
ئێستا وەرە و لە شوێنێک باسی ئەمە بکە،
دەتگرن... لە خاچت ئەدەن
هەر وەک عیسای مەسیح.

## بوومەلێڵ

لە بوومەلێڵدا ئەگەر پیاسە بکەی
برێ جار ڕیگا ون ئەکەی و
برێ جاریش نە.
ئەگەر مشت بکوتی بە دیوارا
برێ جار قامکت دەشکێ و
برێ جاریش نە.
بەڵام قەوماوە
دیوار ڕووخاوە،
بوومەلێڵ بۆتە ڕۆژی ڕۆشن و
زنجیرەکان
لە دەست و پێ کراونەتەوە.



## کۆتایی

لە ناو زیندانا
نە کاتژمێر لە سەر دیوارە و
نە لە بەیانییەوە تا ئێوارە سێبەرێ ئەجوولێ.
لە ناو زیندانا
نە نوورێ هەیە و
نە تاریکییەکیش،
تەنانەت لەوپەڕی ئەم دەرگاشەوە
هیچ دەرگایەک نییە.

# هاڕلم

خەونێکی نیوەتەواو چی بەسەریا دێ
وەک مێوژ لە ژێر هەتاو وشک ئەبێ
یان وەک برین،
چڵ لێ ئەدا و زووخاویی شوڕئەبێتەوە؟
یان نە
دەبێتە گۆشتێکی گەنیو و بۆنی عالەم ئەگرێ
یا ڕەنگە وەک مرەبا
شەکر قەتماخەی لە سەر ببەستێ؟
یان...
ڕەنگە...
بۆۆۆۆۆۆم... بتەقێتەوە.



# خەون

خەونەکانت بپارێزە
ئەگەر خەونەکانت بسووتێن
ژیان دەبێتە بیابانێکی سارد و بەرەهووت.
خەونەکانت بپارێزە
ئەگەر خەونەکانت بمرن
ژیان دەبێتە باڵندەیەکی باڵ کراو.
خەونەکانت بپارێزە
ئەگەر خەونەکانت بسووتێن
ئەگەر خەونەکانت بمرن
مەگەر ئیتر
فڕین
لە خەودا ببینی.

## ڕەش لە ڕۆخانە دەدوێ

من ئاشنای ڕووبارم، ڕووباری بەساڵاچوو،
بەقەد تەمەنی ڕابوردنی خوێن لە دەماری مرۆڤدا.
گیانی من قووووڵە... قووووڵ،
وەک ڕووبارەکان.
من لە «فۆرات»دا مەلەم کردووە،
کاتێ کە جیهان تازە سەری هەڵدا بوو.
کەویلّەکەم لە تەنیشتی ڕووباری «کۆنگۆ»وە دروست کرد.
من تەماشای «نیل»م ئەکرد،
کاتی «ئەهرامی سەلاسە»م لە هەورازەوە هەڵئەکرد.
ئاوازی «می سی سی پی» م دە بیست
وەختێ «لیکلّن» لە «نیوئورلیان» هاتەخوارێ.
ئالوودە بوونی خۆشم بینی،ئەوسا کە دەتگوت خۆرنشین ئالّتوونە.
من لەگەڵ ڕۆخانەکان ئاشنام
ڕۆخانەگەلێ زۆۆۆۆۆۆر دووووووور و بەساڵاچوو...
زۆۆۆۆر تاریک.
گیانی من
قوولّە... قووووولّ
هەر وەک ڕووبارەکان.

## ڕەش وەک ناخی ئەفریقای خۆم

من ڕەشم.
ڕەش،
وەک ناخی ئەفریقای خۆم.

کۆیلە بووم
«سزار» پێی وتم
پلەکانی بۆ خاوێن کەم.
پێلاّوەکانی «واشنگتۆن» من بۆیاخم کرد.
بوومە کرێکار
دەستی من «ئەهرامی مسر»ی بردە سەر
خشت و چیمەنتوی ئاسمان خەراشی «وول ووت» ،
من...
دروستم...کرد.

ئایی...
بوومە گۆرانی بێژ
ئاوازی خەمناکم
لە «ئەفریقا»وە هەتا «جۆرجیا»
لەم ڕێگا دوور و درێژەدا
پەلکێش کرد.
من بووم...
«ڕاگ تایم»م دروست کرد.

قوربانی کرام
له «کۆنگۆ»دا «بەلژیک»ییەکان دەستیان بڕیم
هێشتا له «تگزاس» خەریکن ئەشکەنجەم ئەدەن.

من ڕەشم
ڕەش،
وەک،
شەو کە ڕەشە.
ڕەش وەک ناخی ئەفریقای خۆم.



## نەتەوەی من

شەو جوانە
وەک ڕوخساری نەتەوەی من.
ئەستێرەکان جوانن
وەک چاوی نەتەوەکەی من.
خۆر جوانە.
زۆر جوان
وەک ڕۆحی نەتەوەکەی من.

# نامەیەکی ئیداری

جەنابی مەرگ
نامەکەتان گەیشت.
نوسیبووت کوڕەکەم مردووە.
نوسیبووت جەوهەری پێنووسەکەت خوێنی ئەوە.
نوسیبووت بەوپەڕی شانازییەوە مردووە، لەمەیدانی شەڕدا.
نوسیبووت
منیش لەو شانازییە بەشێکم بەرکەوتووە.

جەنابی مەرگ...
سوپاس
نامەکەتان گەیشت.
نامەکەت بەخوێنی ئەو ئیمزا و،
بە خوێنی ئەویش مۆر کرابوو.



***Rafael Alberti***
***1902 - 1999***

**بۆ فەردین سادق ئەیوبی، بۆ هەنار**

# رافائل ئالبرتی

هەموومان لە سەر ئەم بڕوایە بووین
کە دەریا نایەوێت دەریا بێ.
ڕۆیشتینە دیداری، ڕاست بوو

رافائل ئاڵبرتی: شاعیر، نەقاش و شانۆنامەنووسی ئیسپانیایی، ساڵی ١٩٠٢ زایینی لە شاری "کادیس" (ئەل پۆئردێسانتا ماریا) لە دایک بوو.
ژیانی دوور و درێژی ئاڵبـــرتی نەوەک هەر نزیک بە سی هەزار لاپەرە شیعری بەرهەم هێنا، بەڵکوو بووە هۆی ئاشنایی ئەم هونەرمەندە لەگەڵ تاقمێکی زۆر لە ناودارانی جیهان و ئیسپانیا وەک لۆرکا، ماچادۆ، نێرۆدا، پیکاسۆ و...
رافائل ئاڵبرتی زۆربەی ژیانی لە مەنفا بوو، نزیک بە چل ساڵ لە غوربەت و دووری لە کادیس ژیا و ڕۆژگار دیتنی شەپۆلەکانی کەناری دەریای کادیسی لێ درێغ کرد؛ بەڵام ئەم غوربەت و ژیان لە مەنفا سەرچاوەی هەڵقوڵینی شیعر و شانۆ بوو بۆ رافائل. شیعر و شانۆگەلێ کە تەمیکی دوور لە خەم و نائومیدی بە زۆربەیانەوە دیارە.
شیعری ئاڵبرتی پڕە لە دەریا و ئازادی بە دەگمەن شیعریکی دەس ئەکەوێ کە بۆنی دەریا و موسیقای پڕ نەوازشتی شەپۆلی پێوە دیار نەبێ.
ڕافائل ئاڵبرتی لە کەمترین ووشەکان شیعرێکی وەها دوور و درێژ دروست ئەکا، کە خوێنەر وائەزانی هەرکام لەو وشەگەلە، لە هەر دووپات کردنەوەدا جارێکی دی کەشف دەبێ.
ڕافائل ئاڵبرتی ساڵی ١٩٩٩ پێش دیتنی دەس پێکردنی هەزارەی سێهەم، کۆچی دوایی کرد.



# کۆتر

کۆتر بە هەڵەدا چوو
لەبری ڕۆیشتن بۆ باشوور...
دای لە شەقەی باڵ
بەرەو باکوور.
گومانی دەکرد گەنم، ئاوە.
بە هەڵەدا چوو.

گومانی ئەکرد دەریا، ئاسمان و
شەو بەربەیان
بە هەڵەدا چوو.

گومانی ئەکرد ئەستێرە،
شەونم و
گەرما،
داکردنی بەفر.
کۆتر بە هەڵەدا چوو.

گومانی ئەکرد
داوێنی تۆ، کراسەکەت و
دڵت هێلانەکەی
بە هەڵەدا چوو...
بە هەڵەدا...

بە هەڵەدا...
بە هەڵەدا...
(کۆتر لە لێواری دەریا نووست و
تۆ لە بەرزایی لقێک).



## ١٥

لە دەفتەری Entre el Clavel Y La Espada

سەرباز خەون ئەبینێ
سەربازی مەزرا، کە دەروونی تاریکە... تاریک:
" ئەگەر سەرکەوتوویی بۆ ئێمە بێ،
خۆشەویستەکەم
دەبەم بۆ دیتنی نارنجستان.
دەیبەم تا دەریا -کە هەرگیز نەیبینیوە - هەست کا و
دڵی پڕبێ لە کەشتی...

ئاشتی لە هەورازەوە گەیشت و
لە مەزرا،
دارێکی زەیتون باڵای کرد بوو لە خوێنی بی کەران.

## ***

له دەفتەری Entre el Clavel Y La Espada

هەموومان لەسەر ئەم بڕوایە بووین، کە دەریا نایەوێت دەریا بێ.
(ڕۆیشتینە دیداری، ڕاست بوو)

هەموومان لەسەر ئەم بڕوایە بووین،کە شەو بووەتە گایەک.
(ڕۆیشتینە دیداری، ڕاست بوو)

هەموومان لەسەر ئەم بڕوایە بووین،کە زەمین، هاتە قسەو گوتی: خاک
(ڕۆیشتینە دیداری، ڕاست بوو)

هەموومان لەسەر ئەم بڕوایە بووین مەرگ برینێکی کوشەندەی هەڵگرتووە

(ڕۆیشتینە دیداری، ڕاست بوو)

باوەڕمان بە هەموو شتێ بوو ،بێجگە بەوەی ئەمڕۆ بڕوامان پێیەتی
(ئاخۆ ڕاست بێ؟)



## گۆرانی ١٤

له دەفتەری Baladasy Canciones Del Parana

گۆرانی،
تەنانەت بچووکتر لە دەنکە برنجێ،
هەرچی بچووکتر
خۆرەتاو باشتر دەڕواتە ناخیەوە.
هەرچی بچووکتر و بچووکتر
خۆشتر،
باشتر دێتە گوێ.

## گۆرانی ۳۸

له دەفتەری Baladas y canciones del Parana

ڕۆژێ دارزەیتونەکان
پڕ دەبن لە کۆتر
دایە... ئەوڕۆژە
ژمارەی کۆترەکان زۆرتر ئەبن لە گەڵای دارەکان.

زۆرتریش لە هەموو زەیتونەکان
کوڕم.



## گۆرانی بێ زەمان

لەسەرەتاوە فەزا بوو
لە فەزادا بێ دەنگی بوو
لە بێ دەنگیدا، ئەستێرە بوو.

لەئەستێرەدا موسیقا بوو
لە موسیقادا، ڕەقەم بوو
لە ڕەقەم دا فریشتە بوو.

لە فریشتەدا با بوو
لە - با - دا ماسە بوو
لەماسەدا، ئینسان بوو.

لە ئینساندا عەشق بوو
لە عەشقدا، خوێن بوو
لە خوێندا، گوڵی سوور بوو.

لە گوڵی سووردا دڕک بوو
لە دڕکدا، گریان بوو
لە گریاندا، خەنجەر بوو.

لە خەنجەردا، نەفرەت بوو
لە نەفرەتدا، ڕەنگی سەوز بوو
لە ڕەنگی سەوزدا، حەسەد بوو.

لە حەسەددا ڕەنگی زەرد بوو
لە ڕەنگی زەردا، غەزەب بوو
لە غەزەبدا، ڕەنگی ئەرخەوانی بوو.

لە ڕەنگی ئەرخەوانیدا، پەستی بوو
لە پەستیدا، زێڕ بوو.
لە زێڕدا مەرگ بوو.

لە مەرگدا، ڕەنگی ڕەش بوو
لە ڕەنگی ڕەشدا، شەو بوو
لە شەودا، ڕەنگی شین بوو.

لە ڕەنگی شیندا، ئاو بوو
لە ئاودا، هەور بوو
لە هەوردا، دەریا بوو.

لە دەریادا ماسە بوو
لە ماسەدا - با - بوو.
بەسەر - با- دا فریشتە هەڵئەزنی
بەسەر فریشتەدا ئینسان هەڵئەزنی
بەسەر ئینساندا، عەشق هەڵئەزنی.

بەسەر عەشقدا، خوێن هەڵئەزنی
بەسەر خوێندا، گوڵی سوور هەڵئەزنی
بەسەر گوڵی سووردا دڕگ هەڵئەزنی.



بەسەر دڕگدا، گریان هەڵئەزنی
بەسەر گریاندا، خەنجەر هەڵئەزینی
بەسەر خەنجەردا، نەفرەت هەڵئەزنی.

بەسەر نەفرتدا ڕەنگی سەوز هەڵئەزنی
بەسەر ڕەنگی سەوزدا حەسەد هەڵئەزنی
بەسەر حەسەدا ڕەنگی زەرد هەڵئەزنی.
بەسەر ڕەنگی زەردا، تووڕەیی هەڵئەزنی
بەسەر تووڕەییدا ڕەنگی ئەرخەوانی هەڵئەزنی
بەسەر ڕەنگی ئەرخەوانیدا، پەستی هەڵئەزنی.

بەسەر پەستیدا، زێڕ هەڵئەزنی
بەسەر زێڕدا مەرگ هەڵئەزنی
بەسەر مەرگدا ڕەنگی ڕەش هەڵئەزنی.

بەسەر ڕەنگی ڕەشدا، شەو هەڵئەزنی
بەسەر شەودا، ڕەنگی شین هەڵئەزنی
بەسەر ڕەنگی شیندا، ئاو هەڵئەزنی.

بەسەر ئاودا، هەور هەڵئەزنی
بەسەر هەوردا، دەریا هەڵئەزنی
بەسەر دەریادا، ماسە هەڵئەزنی.

بەسەر ماسەدا - با - هەڵئەزنی
بەسەر - با - دا فریشتە هەڵئەزنی
بەسەر فریشتەدا، ڕەقەم هەڵئەزنی.

بەسەر ڕەقەمدا مۆسیقا هەڵئەزنی
بەسەر مۆسیقادا، بیدەنگی هەڵئەزنی.

بەسەر بیدەنگیدا، فەزا بوو
بەسەر فەزادا، دەسپێکردن بوو
بەسەر دەسپێکردندا هەمووشتێ بوو:
بێدەنگی
ئەستێرە
مۆسیقا

ڕەقەم
فریشتە
- با -

ئینسان
عەشق
خوێن

گوڵی سوور
دڕک
گریان

خەنجەر
نەفرەت



ڕەنگی سەوز

حەسەد
ڕەنگی زەرد
تووڕەیی

ڕەنگی ئەرخەوانی
پەستی
زێڕ

مەرگ
خوێن
شەو

ڕەنگی شین
ئاو
هەور

دەریا
ماسە
هەموو شتێ.

# که ڕۆمم بەجێ هێشت

بۆ ایگناسیو دێلوگۆ

که ڕۆمم بەجێ هێشت
کێ یادم دەکات؟

له پشیله
له سەگ و
له پێلاوە دڕاوەکان بپرسن.
له فانووسی ون بوو
له ئەسپی مردوو
له بانجێڵەی بریندار
له- با-کە ڕادەبرێ
له دەروازی تاریک و
له ئاو، که له ژێر پردەوە ڕەت دەبێ و
ناوم دەنووسێ، بپرسن.

که ڕۆمم بەجێ هێشت
له ئەوان سوراخم بگرن.



# بۆ پیکاسۆ

له دەفتەری Los Ocho Nombres de Picasso

خوا جیهانی خوڵقاند - وائەڵێن -
له حەوتەمین ڕۆژدا
کاتێ بە ئارامی، ماندوویی له جەستەی بەدەر ئەکرد
له ناکاو بە پەله هەستا،
هەستاو گوتی:
شتێکم فەرامۆش کردووە
چاوەکان و دەستی پیکاسۆ.



*Pablo Neruda*
*1904 - 1973*

بۆ ئەسپی خەونەکانی موحەممەد ڕۆستەمی

# پابلۆ نێرودا

گوڵم
تۆ
باش
دەزانی
من تەنیا پیاوێ نیم
من هەموو پیاوانم.

پابلونێرودا، یەکێ لە بە تواناترین شاعیرانی«ئەمریکای لاتین» و دەنگێکی هەرە بەرزە لە دنیای ئەدەبی جیهانیدا.

نێرۆدا ساڵی ١٩٠٤ زایینی لە «پارال»ی شیلی لەدایک بوو؛ تا ساڵی ١٩٢٣ پێنج کتێبی شیعری بڵاوکردەوە و ناوبانگی وەک شاعیرێکی بەتوانا دەرکرد.

پابلو ساڵی ١٩٥٤ بوو بە ئەندامی حزبی «سالوادۆر ئاڵێندە» و هەمان ساڵ بۆ پارلمانی شیلی هەڵبژێردرا. ماوەیەک بە نهێنی ژیا. پاشان ڕۆیشتە ئوروپای کۆمونیستەکان و چین.

ساڵی ١٩٥٠کتێبی «سروودی گشتی» چاپ کرد و بە بۆنەی ئەم کتێبەوە، خەڵاتی «ئاشتیی نیوۆنەتەویی» وەرگرت. ١٩٥٣ خەڵاتی «ئاشتیی لەنین» درایە نێرۆدا و١٩٧١خەڵاتی جیهانی «نۆبل»ی ئەدەبیاتی پێ بەخشرا.

پابلۆ نێرۆدا دوای هەڵبژاردنی «سالوادۆر ئالێندە» بۆ سەرکۆماری شیلی، بووە وەفدی سیاسی شیلی لە فەرانسە. لە ساڵی ١٩٧٣ – ساڵی کوودەتای «پینووشە» دژی ئالیندە – چەن ڕۆژ دوای کوشتنی ئەم سەرۆک کۆمارە ئازادیخوازەی ئەمریکای لاتین، مرد.



## خاتوون

بە تۆ دەڵێم خاتوون
زۆر کەس هەن لە تۆ بەرزتر... بەرزتر.
زۆر کەس هەن لە تۆ ڕوونتر... ڕوونتر.
زۆر کەس هەن لە تۆ جوانتر... جوانتر.
بەڵام خاتوون تۆی.

کە لەشەقامەوە ڕەت دەبی
سەرنجی کەس
ڕاناکێشی
کەس
تەماشای
تاجە شووشەیەکەت ناکا
کەس
نارِوانێ بۆ
فەرشی سووری ئاڵتونیی ژێر پێت.

کە دەرئەکەوی
لە دەرووناما
ڕووبارەکان دێنە گۆرانی
دەنگی ئاسمان دەلەرێتەوە و
جیهان پڕ دەبێ لە سروود.

خۆشەویستەکەم...
ئەزانی
تەنیا من و تۆ
تەنیا
من و تۆ گوڵم
گوێ ڕادەگرین بۆ ئەو گۆرانییە.



## -با- لەدوورگەدا

- با - ئەسپە
گوێ ڕابگرە
لە نێو دەریا ، لە ئاسمان
چۆن غار ئەدا.

- با - ئەسپە و
دەیەوێ لەگەڵ خۆیا بمبا
گوێ بگرە
چۆن بۆ ڕەدووکردنی من دنیا لە ژێر سمی دایە.

بمشارەوە
لە باوەشتدا بمشارەوە
هەر ئەمشەو
بۆ خوا... بمشارەوە.

ئەو ساتەی وا
باران لە سەر سنگی دەریا و زەوی دەقیژێنێ
گوێ بگرە
چۆن - با -
چوارناڵ غار دەدا بۆ بردنی من.

تەوێڵت لە سەر تەوێڵم،

لێوت لە سەر لێوم،
جەستەمان پێکەوە گرێ دراوە
لێ گەڕێ با ئەم زریانە ڕەت بێ و
ئێمە لەگەڵ خۆیا نەبا
بتڵا با ڕەت بێ.
با بە شۆێنما بگەڕێ... بێهوودە
ئەو ساتانەی لە چاوانی تۆدا
ئارام... ئارام بەرەو خوار ئەبمەوە.



## ژنی مردوو

ئەگەر لە ناکاو ڕۆژێ نەتدۆزمەوە
ئەگەر نەبی
ئەگەر
ئیتر
زیندوو نەبی...
من...
ئەژیم.
ناتوانم...
نە، ئەترسم بنووسم
ئەگەر...
زوبانم لاڵ
بمریت... من ئەژیم.
دەنگی من لەوێیە وا ئینسان هیچ دەنگێکی نییە.
من لەشۆێنێک کە لە ڕەشپێستەکان هەڵئەدەن ناتوانم
مەرگ قبوڵ کەم.
ئەوسا کە براکانم بەدیل ئەبەن، منیش هاوڕێیانم.
کاتی سەرکەوتن نە سەرکەوتنی من، بەڵکوو سەرکەوتنی گەورە
ئەگەر لاڵیش بم... دەدوێم...
کوێر بم... دەبینم
بمبوورە
ئەگەر تۆش زیندوو نەبی
من هەرئەژیم.

خۆشەویستم...
گوڵم...
عەشقم
ئەگەر ئەوسا تۆ مردبیت
هەموو گەڵاکان دەڕژێتە سەر سینگم
باران بە سەر ڕۆحما دەبارێ
بەفر ئاگر بەرئەداتە دڵم و
من لەگەڵ سەرماو ئاگر و مەرگ و بەفرا بەرەو پێش دەڕۆم.
بەڵام
دڵنیابە...
قاچم بۆ شوێنێ دەمبا
وا تۆ لەوی ئارامت گرتووە
گوڵم تۆ باش دەزانی
من تەنیا پیاوێ نیم
من هەموو پیاوانم.


*Yannis Ritsos*
*1909 - 1990*

بۆ شانۆ، بۆ موحەممەد خەلیلی فەرد

# یانیس ڕیتسۆس

خوایە...
کێ ئەمانەی لێرە ناشتووە؟
کێ... ئەمانەی لێرە... ناشتووە؟
کێ... ئەمانەی... لێرە... ناشتووە؟

یانیس ڕیتسۆس – شاعیری نەتەوەیی یونان – زۆربەی عومری یا لە نەخۆشخانە بوو یا زیندان و یان مەنفا. لە تافی لاوییەوە تووشی نەخۆشی «سیل» بوو و چەن ساڵ لە نەخۆشخانە ژیا؛ پاشان بە بۆنەی ئەو شیعرانەوە کە دژی دیکتاتۆری یۆنان –مناکساز– دەینووسی، دەسگیر و زیندانی کرا. پاش ئازادی، ماوەیەکی زۆر نەفی کرا و تەنیایی تا ناخی خوێن و ئیسقانی ڕیشەی داکوتا. تەنیا لە نێوان ساڵەکانی هەفتادا بوو کە ئیزنی چاپ کردنی کتێبەکانی وەرگرت.

شیعری ڕیتسۆس شیعری نەتەوەی یونانە. زۆربەی شیعرەکانی بوونەتە سروودی نەتەوەیی و یونانییەک نییە لانیکەم –بۆجارێ– شیعریکی ڕیتسۆسی نەخوێندبێتەوە، یا نەیبیستبێت.

ئازادی، عەشق، سەرفەرازی نەتەوەیی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، مەرگ و شادمانی، لەبن هەر وشەیەکی شیعری ڕیتسۆسەوە هەڵئەقوڵێ.

بێگۆمان یانیس ڕیتسۆس تا ساڵی ١٩٩٠ زایینی، گەورەترین شاعیری زیندووی دنیا بووە و لە ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە یەکێ لە گەورەترین شاعیرانی مەنفای مەرگ.



## هەستێکی فەرامۆش کراو

دایە گەورە ژنێکی باش بوو.
ئارام.
چەن لۆچ لەژێر چاویەوە بوو
– وەک دەسماڵێکی گوڵدۆزی کراو –
دڵ پاک
– وەک بوخچەیەکی بچووکی پڕ لە خوری –

دایە گەورە ڕۆیشت
– ڕەنگە ڕۆیشتبێت خوربەکەی لە پاڵ سوپای گەورەی شەودا بڕیسێ –
بەڵام چۆن وادەکا
چون دەڕواتە ژێر باران و شاڵەکەی نابا؟!

کچۆڵە لەسەر کورسی هەیوانەوە دەگری
باران بێقەرار بەسەر پلەکانی کلیسادا دەگری.
بەڵام بچووکترین کوڕەزای ناگری
ئەو تەماشا دەکا و دەبینێ
باران و پلەکان و کورسی و کچوڵە
– بۆ دایەگەورە وائیستا ڕۆیشتووە تا لە نهێنیدا خوربەکەی بڕیسێ –
دەگرین و
لەبەر خۆیەوە دەڵێ:
خوایە... چەندە جوانن ئەمانە.

# ژنان

ژنان دوور و نامۆن
پێخەفەکانیان بۆنی شەوباش ئەدا.
دێن و نان دەنێنە سەر مێز
تا هەست بە نادیارییان نەکەین.
پاشان دەزانین نادیارییان بێ خەبەریی ئێمە بوو.

لە سەر کورسی هەڵدەستێن و دەڵێن:
تۆ ئەمڕۆ زۆر ئیشت کردووە... ماندووی
لێ گەڕێ... من چراکە هەڵئەکەم.
کاتێ شقارتەکە دادەگرسێنێ؛ ئاوڕێ بۆ پاش ئەداتەوە و
بەئارامی بەرەو چێشتخانە دەڕوات.
پشتی هەورازێکی خەمناکەو
کۆڵی مردووی لەسەر خۆی هەڵگرتووە:
مردوانی بنەماڵە
مردوانی خۆی
مردوانی تۆ.

دەنگی خشەخشی پێڵاوەکانی لە سەر سەنگچنی ژوورەکە دەبیسی و
ناڵە ناڵی قاپەکان لە سەر تاق.
ئیتر لەمەودوا
هەرچی هەیە دەنگی شەمەندەفەرە و
سەربازەکان بۆ مەیدانی شەڕ ئەبا.



# پشکنین

گوتی:
کەرەم کە...تکایە... چ زەحمەتێ
بۆ هەموو شتێ باش بڕوانن
برا... من... هیچ نهێنییەکم نییە.

ئێرە ژووری خەوتنە.
ئێرە ژووری خوێندنەوە.
ئێرە ژووری خواردن.

ئەی ئێرە؟
ئێرە ژووری کەل و پەلە کۆنەکانە
هەموو شتێ دەپرتووکێ قوربان....

ئەوە چییە؟
ئەمە...
ئەمە مووستیلەی دایکمە.

ئەی ئەمە؟
ئای... ئەو...
ئەوە چرالامپاکەی دایە... چەترەکەی...
دایکم... زۆر منی خۆش ئەویست.

ئەی ئەم پێناسە تەزویرە؟

ئەم خاولّیە پیسە؟
ئەم بلیتی شانۆیە؟
ئەم کراسە شەلاّلّی خوێنە؟

هی ئەو بوو... دایکم... دایک... دای... ئەها
ئە ها ، شەپکەیەکی ژنانەی ناوەتە سەری
ئەم ڕەسمەی دابووە ، بێگانەیەک...
دەس خەتی خۆشی لە سەرە.
خوایە...
کێ ئەمانەی لێرە ناشتووە؟
کێ... ئەمانەی لێرە... ناشتووە؟
کێ... ئەمانەی... لێرە... ناشتووە؟



## یادێک لە مردووان

باوە گەورە لەسووچێکی ژوورەکە وێستاوەو
لە سووچێکی دی،
دە کوڕەزای.

لە سەر مێزەکە
نانێ
لە بازنەی نۆ مۆمدا.

دایکان دەگرین... ڕوویان ئەڕنن
منالّەکان خامۆش.
ئازادییش
لە پشت پەنجەرەوە تەماشا ئەکاو
هەناسە هەلّئەکێشێ.

# یاداشتێکی مەنفا

**٢٤ /١٢/١٩٤٨**

ڕۆژ بەرد. وشەکان بەرد.
کرمی ئاوریشم لە دیوارەوە هەڵئەزنێ.
«حەلەزوون»ێ ماڵەکەی ناوەتە سەر شان و
لە بەر دەرگادا وێستاوە، ڕەنگە بێنیتەوە، ڕەنگە بڕوات.
هەموو شتێ هەر ئەوەیە کە بوو،
تەنانەت «هیچ شتێ»کیش نەرم نییە،
بەردە ... بەرد.

***

وتەکان نایەنە سەر زار و لە بیردەچنەوە
لێرە بێدەنگی نەفی نەکراوە.

***

چرپا ئارام باران دێت، چۆلەکە پاسارییەکان دەشواتەوە و
بە تەنیا باری قورسی بێدەنگی لە سەر شانی هەڵئەگرێ.
مسواکیش،وەک هەمووشتێ خەمگینە.

ڕادەبرم و وائەنوێنم
ئەمانە نابینم و
چراکە هەڵئەکەم.



*Orhan Vali Kanik*
*1914 - 1950*

**بۆ مارف ئاغایی کەنۆێنەری زەمینی سەخت و ئاسمانی دوور بوو**

# ئۆرهان وەلی کانیک

ئەوانەیش کە دەمناسن دەڵێن
«کڵوڵ... چ ئازارێکی دەکێشا... باشتر...کە ڕزگار بوو...»

ئۆرهان وەلی لە جەنجاڵیترین شاعیرانی تورکیایە کە لە ماوی کەمتر لە ١٠ ساڵدا توانی شیعری تورکی لە زمانی «ئاخاوتن» نزیک کاتەوە و وەک پێشڕ-وەیێکی ئەم شێوازە شیعرییە، ناوبانگ دەرکا.

لە شیعری وەلی دا، شەقام، دار، پشیلە، ئێسقان، هەڤاڵ و... تا ئەو ڕادەیە لە مانای ڕاستەقینەی خۆیان نزیک ئەبنەوە، کە خوێنەر هەست ئەکا بۆ یەکەم جارە ئەم وشانە دەبیستێت؛ بەڵام دووپات کردنەوەیان دەیگەیەنێتە ئەو قەناعەتە کە ئەم وشە و پیتانە، هەمان وشەکانی دیالۆگی ڕۆژانەی خۆیەتی. لە ڕاستیدا ئورهان وەلی وشەیەک ناخاتە دنیای شیعریەوە؛ مەگەر "ڕەندانە"، جاریکی دی لەناو جەماور و لەسەر زاری خەڵک دۆزرابێتەوە.

ئورهان وەلی لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا لە لایەکەوە خرایە بەر هێرشی توندی ڕەخنەگەرانی سەلەفی شیعری تورکی و لە لایەکی ترەوە تاڕادەی ڕابەری نوێخوازی شیعری هاوچەرخی تورکی بەرزکرایەوە. وەلی جگە لە شیعر نووسین، وەرگێڕانی زۆری لە زمانی فەرانسییەوە پیشکەشی کتێبخانەی تورک کرد.

ڕەنگە بەناوبانگترینیان وەرگێڕی شیعرەکانی «ژاک پرەور» بوبێت.

ئورهان وەلی لە ساڵی ١٩١٤ زایینی لە «ئەستانبۆل» لەدایک بوو. لە ساڵی ١٩٥٠ هەر لەو شارە کۆچی دوایی کرد.



## ژنانی کرێکار

ژنانی جوانم خۆش ئەوێ
ژنانی کرێکاریش.
بەڵام ژنانی جوانی کرێکارم
خۆشتر،
زۆرم خۆشتر ئەوێن.

## سەفەر

داربەڕووەکان جوانن
بەڵام کاتێ دەگەمە دوایین ئیزگە
حەز ئەکەم
چۆم بم...
نەک...
دار بەڕوو.



## خوایە شوکرت

خوایە شوکرت
کەسێ لە ماڵە
نەفەسێ
پلەیەک
شوکر
خوایە شوکرت.

# بۆ

ژنانی جوان وا دەزانن
شیعرە عاشقانەکانم بۆ ئەوانە
چ خەمناکە،
خۆم دەزانم
شیعر دەنووسم
تا بێکار نەبم.



# خۆکوشتن

گەرەکمە بە کەس نەڵێم و بمرم
تنۆکێ خوێن لە گۆشەی لێومەوە.
ئەوانەی وا نامناسن دەڵێن:
«عاشق بوو... بێ چارە عاشق بوو»
ئەوانەش کە دەمناسن دەڵێن.
«کلۆڵ... چ ئازارێکی دەکێشا... باشتر...کە ڕزگار بوو...»

بەڵام...
هۆی ڕاستەقینە
نە ئەوەیە و نە ئەمە.

# شیعرێ بەکلکەوە

من و تۆ ناتوانین پێکەوە بژین
ڕێگامان جیایە.

تۆ پشیلە خۆشەویستەکەی قەسابی و
من پشیلەی سەرگەردانی کووچە.
تو لە پەرداخی ڕەنگاوڕەنگ دەخۆیتەوە و
من لە لێوی شێری ئاو.
تو خەونی ئەشق ئەبینی و من خەونی ئێسقان.

بەڵام دڵنیابە... گوڵم...
دڵنیابە
ڕێگای تۆش وەها ئاسان نییە
دژوارە زۆر دژوار،
هەموو ڕۆژی خوا... کلکە سووتەکردن.



# چەن نامە بۆ ئۆکتایی

١

یەکەم نامەت، بەم زستانە بێ ڕوحمە
لە نادییەکی «مەجارستان»ەوە بۆ دەنووسم،
گوڵم ئۆکتایی
ئەمشەو، هەموو سەرخۆشان، سڵاوت لێ دەکەن.
١٩٣٧/٨/١٢

٢

لە دەرەوە باران دەبارێ
هەورەکان لە ئاوێنەدا سەما دەکەن
لەم کاتە ناسکەدا
من ئاشقی کچێکم.
١٩٣٧/١٠/١٢

٣

بێ پارەم
بە شوێن کاردا دەگەڕێم.
بە کورتی، ویڵم.
ڕەنگە ئەگەر ئاشق نەبوومایە
چاوەڕوانی ڕۆژێکم دەکرد
تا بۆ مرۆڤ بژیم.
١٩٣٧/١/١

# هەڤاڵی من سەبری

هەڤاڵی من سەبری،
هەموو شەوێ لە شەقامدا پیاسە دەکا،
من و ئەو هەمیشە مەست دەکەین
هەمیشە هەر سەبری دەڵی
«دێرە... با بڕۆینەوە»
هەمیشە دوو نان
لە ژێر باخەڵیدایە...
سەبری.



*Visllava Shimborska*
*1923 -*

**بۆ مەرگ، بۆ ژیلا حۆسێنی**

# ویسلاڤا شیمبۆرسکا

هەر دەسپێکردنێ،
تەنیا درێژە پێدانێکە و
کتێبی کارەساتەکان
هەمیشە لە نیوەوە دەکرێتەوە

کاتێ داگیرکەرانی «نازی» هێرشیان کردە سەر«لەهیستان» ویسلاڤا کچێکی شانزە ساڵان بوو.

ویسلاڤا شیمبۆرسکا – بەناوبانگترین شاعیری هاوچەرخی لەهیستان – لە شاری «کۆرینگ» سەر بەپارێزگای «پوزنان» لە خۆرئاوای «لەهیستان» لە دایک بوو.

یەکەم شیعری لە ٢٢ ساڵیدا لە گۆڤاریکدا بڵاو کردەوە و یەکەم کتێبیشی لە ژێر ناوونیشانی «بۆ ئەمەیە کە زیندووین»، لە ١٩٥٢ چاپ کرد.

شیمبۆرسکا لە ساڵی ١٩٩٦، خەڵاتی نۆبلی وەرگرت و ئەندامی هیچ دەستە و گرووپێکی ئەدەبی نەبوو.

شیعری شیمبۆرسکا تا سنووری مەرگ، سادەیە. دێڕ دێڕی دەرنجامی قەدەرن. کەش و هەوای شیعرەکانی شیمبۆرسکا ژیانی ناچاریی ڕاستییەکانە لە تەنیشتی یەکدیەوە. ڕاستییگەلێ کە هەرکامیان بە تەنیا ناتوانێ شیعر دروست کەن؛ بەڵام بە کۆمەڵ لە فەزایەی هیچ وە هەمووشتی دروست دەبێ. هەمووشتی تا ڕادەی شیعرێکی گەورە.

شیمبۆرسکا دەڵێ لە دنیایەکدا کە هەمووشتێ گاڵتە و بۆ پێکەنینە، گاڵتە بوونی خۆش ویستن باشترە لە گاڵتە بوونی خۆش نەویستن.



## پێوەندی نهێنی لەگەڵ مردووان

لە چ کاتێکدا خەو بە مردووانەوە ئەبینی؟
پێش خەوتن زۆر بیریان ئەکەیتەوە؟
لە پێشەوە کێ دێتە بەر چاوت؟
هەمیشە هەر ئەوە؟
نێو؟
نێوی بنەماڵەیی؟
نێوی گۆڕستان؟
مێژووی مەرگ؟

بەڵگە چییە؟
ئاشنای کۆن؟
خزمایەتی؟
وەتەن؟

ئەڵێن لە کوێوە دێن؟
پشتیان بەکێ قایمە؟
بێجگە تۆ کێ خەویان پێوە ئەبینێ؟
ڕواڵەتیان وەک ڕەسمەکانیانە؟
بە درێژی ڕۆژگار پیر بوون؟
بە گوڕن؟
یان سیسیاوون؟
ئەوانە وا کوژراون

دەرفەتی ئەوەیان بووە چاک ببنەوە؟
لە بیریان ماوە کێ کوشتویانی؟
چیان گرتووە بەدەستەوە؟
چی لە ناو چاوانیاندایە؟
ترساندن؟
داوا کردن؟
چۆن ترساندنێ؟
چۆن داوا کردنێ؟
سەبارەت بە ئاو و هەوا باس ئەکەن؟
لە لایەن ئەوانەوە پرسیارێکی قورس دێتە ئاراوە؟
باشە... تۆ چ وڵامێکیان ئەدەیتەوە؟
بێجگە بزێو بوون و بێدەنگی، دەقی خەوەکە گۆڕاندن؟
یا کاتی خۆی لە خەو هەستان.



## بەردەنووسی قەبر

لێرە نووسەرێ نووستووە،
کۆنینە وەک وێرگوول،
خاوەنی چەند کتێبە.
خاکی بەخشندە ئارامشتی ئەبەدی پێداوە
چۆن ئەم تەرمە...
ئەندامی هیچ گرووپێکی ئەدەبی نەبووە
هیچ باشتر لەم مەتەڵە مناڵانە لە سەر گۆڕەکەی نابیندرێ
«گیای بابا ئادەم و کەندەبوو.»
ڕێبوارەکە
لە جانتاکەت مێشکە ئەلکترۆنییەکەت دەرێنە و
بە قەد چرکەیەک
بیر لە سەرگوزەشتی شیمبۆرسکا بکەرەوە.

## عەشق لە یەکەم نیگادا

هەر دووکیان لە سەر ئەم باوەڕەن،
کە هەستێکی ناخلاف پێکەوە گرێی داون.
وەها متمانەیەک جوانە
بەڵام گومان جوانتر.

چون لە پێشەوە یەکتریان نەدەناسی
وا ئەزانن
هیچ کاتێ شتێک لە نێوانیاندا نەبووە
بەڵام... ئاخۆ
ڕای شەقامەکان، پلە و هەیوانەکان
وا ئەم دووانە ڕەنگە ساڵەها پێش
لەوێوە ڕەت بووبێتن سەبارەت بەم کێشە چییە؟

پێم خۆشە لێیان پرسم
لە بیرتان نایە:
ڕەنگە ڕۆژێ لە سەر پلەیەک، بەرامبەر یەکتر وێستا بێتن؟
یان «ببوورە» یەک، لە قەرەباڵخی خەڵکا؟
یا «هەڵەیە... قوربان...» لە تەلەفووندا
بەڵام وەرامیان باش دەزانم
«نە... هیچمان وەبیرنایێ...»

زۆر سەرسوڕهێنەرە ئەگەر بزانن



لە مێژە
گاڵتەی دەستی قەدەرن.
باش نازانن
چارەنووس بوو
دوور و نزیکیانی کردوەتەوە،
سەر ڕێگای لێیان گرتووە و
پێش پەڕینەوە پێکەنینی شەیتانی خۆی قووت داوە.
نیشانەگەلێ بووە،
هەرچەن پڕ لە تارمایی
ڕەنگە سێ ساڵ لەمەو پێش،
یان سێ شەمەی ڕابردوو
گەڵای دارێ لەسەر شانی یەکێکیانەوە فڕیبێتە سەر شانی ئەوی دی.
یەکێکیان شتێکی ون کردووە و ئەویدی دۆزیویەتییەوە.
ڕەنگە دەرگایە بووە،
یەکێکیان لیێ داوە و دوای ماوەیەکی کورت ئەوی دیکەیشیان.
جانتاکانیان لەسەفەرێکدا لە تەنیشتی یەکدیەوە.
شەوێ هەردووکیان خەونیکێان دی بێ و
دوای ڕاپەڕین یەکسەر پاک بووبێتەوە.

لێ گەڕێن
هەر دەسپێکردنێ.
تەنیا درێژە پێدانێکەوە
کتێبی کارەساتەکان هەمیشە لە نیوەوە دەکرێتەوە.

## پڕاوپڕ سەبارەت بەمەرگ

گاڵتە ناکا
مانای ئەستێرە و پرد و جۆلاّیی و جووتیاری و کەشتیسازی و
کەیک دروست کردن نازانێ.
کاتێ سەبارت بە پرۆژەکانی بەیانی قسە دەکەین
خۆی ئەهاوێژێتە نێو وتەکانمان و دوابڕیار ئەدا.
تەنانەت
ئەو ئیشانەی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە کاروباری خۆیەوە هەیە
باش نایزانێ،
نە گۆڕکەندن نە کۆکردنەوەی شپرزییەکان.

خەریکی کوشتنە، بەڵام زۆر ناشارەزایانە... بێ ئەزموون،
ئەڵێی جاری یەکەمە لە سەر هەر کامیان ئیش ئەکا.

سەرکەوتنی هەیە
بەڵام دۆڕاندنەکانی ببینە
ئەو تیرانەی بە هەڵە چوون.

برێ جار دەرەقەتی مێشێ نایە
لە کێبەرکێی خزیندا بە هەزارپێی ئەدۆڕێنێ.

ئەم هەموو گیا و نۆک و نەخوەشەرانە
ئەم ماسی و ئەم پەڕ و پێستی زستانە
شایەتێکن بۆ ئەو ئیشانەی وا پەکیان کەوتووە.



ڕەش بینی نییە،
بەڵام یارمەتی ئێمەش لە شەڕ و کوودەتاکاندا تا ئیستا کەم بووە.

***

دڵ لەدەروونی پێستی هێلکەدا لێ ئەدا
ئیسقانی منالآن گەورە دەبێ
دوو گەلاّ لە ئاسۆی دارێک دەبنە خۆراکی تووەکان.

ئەوەی گۆمان دەکا مەرگ بەتوانایە بەڵگەیەکە بۆ ناتوانی مەرگ
ژیانێک نییە لانیکم بۆ ساتێکیش جاوەدان نەبووبێت.
مەرگ هەمیشە
لە بۆشایی ئەم چرکانە ڕادەمێنێ.

بێهودە دەرگا بۆ کردنەوە دەلەرزێنێتەوە
دڵنیابە ئەوەی بەدەستت هێناوە
مەرگ ناتوانێ لێت وەربگرێ.



***Ahmad Shamloo***
***1925 - 2000***

**بۆ فەرەیدوون ئەرشەدی، کە فێری شیعر و خۆشەویستی کردین**

# ئەحمەد شاملوو

پەیامم بۆ ناردی، پەیام لەدوا پەیام، بەهەزار زمان،
کە دڵ لە ئاسمان دابڕە، وەحی لە زەمینەوە دێت.

١١ دسبامبری ساڵی ١٩٢٥ زایینی، لە شەقامی "سەفی عەلی شا"ی تاران، خانوی ژمارەی ١٣٤، شاعیر، وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسی بە ناوبانگی سەدەی بیستەمی ئێران، ئەحمەد شاملوو لە دایک بوو. باوکی ئەفسەریکی ئەرتەشی ئێران بوو و هەر بەم بۆنەوە، شارەکانی "سەمیرۆم"، "ئاباده" "ئیسفەهان" و "شیراز" ژینگەی منالّی شاملوو بوون

١٩٤٨زاییینی یەکەم بەرهەمی شاملوو لە ژێر ناوونیشانی " گۆرانییە فەرامۆش کراوەکان " چاپ کرا و ساڵی ١٩٥٣ بۆ یەکەم جار لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکان (ئینگلیز- ئامریکا - سوفیەت) کە ئەو کات ئێرانیان داگیر و دابەش کرد بوو، دەزگیر و لە زیندانی هێزی سوفیەت، سجن کرا. شاملوو هەرچەن بەڕەسمی هیچ کات سەر بەهیچ حزبێکی سیاسی نەبوو، بەڵام لە دەورانی پاشایەتی لە ئێراندا چەند جار لە لایەن پۆلیسی سیاسی و ئەرتەشەوە دەزگیر، زیندانی و سزا درا.

ئەحمەد شاملوو لە ماوەی ٧٥ ساڵی ژیانیدا نزیک بە ٤٠ کتێبی، شیعر و وەرگێڕان و... بلاوکردەوەو سەرنووسەری چەند گۆڤاری بەناوبانگی ئەدەبی، وەکو "بامشاد"، "ئەتشبار" و "کتێبی هەینی" بوو. شاملوو ساعەتی ٩ ڕۆژی یەکشەممەی ٢٣ جولای ساڵی ٢٠٠٠ کوچی دوایی کرد

وەرگیرانەکانی شاملوو لە شیعری شاعیرانی جیهان لەژێر ناوونیشانی گشتی "هەر وەک کووچەیەکی بێ کۆتایی" کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شیعری هاوچەرخی ئێران دانا و تائیستاش لە باشترین وەرگێڕەکانی ئێرانە لە شیعری بیانی؛ بەتایبەت وەرگێڕانی شیعرەکانی فدریکو گارسیا لورکا، ئەم شاعێرەی تا ڕادەی ئوستوورەیەک بە خوێنەرانی فارس ناساند.

ئەحمەد شاملوو، بناغەدانەری شێوە شیعرێکە لە ئەدەبی فارسیدا کە



پێی دەگوتری " شیعری ئازاد "یان "شیعری سپی". کە لەم شێوە شیعریەدا کێشی دیاری کراوی شیعری بە کار نایێت و تەنیا گرنگی بە مۆسیقای دەروونی وشە و ڕەستەکان دەدرێت.

بێگۆمان لە سەدەی هەشتەمی کۆچییەوە و پاش "حافزی شیرازی"، هیچ شاعیرێک نەیتوانیوە تا ڕادەی شاملوو لەسەر شاعیرانی پاش خۆی کاریگەری ببێت. شاملوو، نزیک بە سی ساڵ لە نێوان دەیەکانی ٣٠ تا ٧٠ی کۆچی سەرکۆماری شیعری ئیران بوو و هەزاران شیعری سیاسی - عاشقانە، سیاسی - فەلسەفی، سیاسی - هۆنەری و سیاسی... نووسی.

# عەشقی گشتی

فرمێسک ڕازێکە
پێکەنین ڕازێکە
عەشق ڕازێک
فرمێسکی ئەو شەوە کەنینی عەشقم بوو.

چیرۆک نیم بیگێڕیەوە
ئاواز نیم بیخوێنیەوە
دەنگ نیم بیبیسی
نازانم شتێک کە بیبینی یان بیزانی
من ئێشی هاوبەشم
هاوارم کە.

***

دار لەگەڵ جەنگەڵ ئەدوێ
گیا لەگەڵ سەحرا
ئەستێرە لەگەڵ کاکەشان و
منیش لەگەڵ تۆ.

ناوتم پێ بڵێ،دەستتم بدەرێ،
دڵت بە من ببەخشە،
شتێک بڵێ،
من... ڕیشەکانی تۆم دۆزیوەتەوە و
بەو لێوەت بۆ هەموو لێوەکان دواوم.



دەستی تۆ لەگەڵ دەستی من ئاشنایە.

من لە چۆڵگەی ڕۆشندا
گریاوم بۆ بیرەوریی زیندووان
لەگەڵ تۆدا.
من لەگەڵ تۆدا
لە گۆڕستانی تاریک جوانترین سروودەکانم چڕیوە،
چونکە مردووەکانی ئەمساڵ
ئاشقترین زیندووان بوون.

دەستتم بدەرێ
دەستی تۆ ئاشنایە
ئەی دێر دەسکەوتوو
ئەتدوێنم
وەک هەور کە تۆفان ئەدوێنێ
وەک گیا کە سەحرا
وەک باران کە دەریا
وەک باڵندە کە بەهار
وەک دار کە جەنگەڵ ئەدوێنێ.

چون... من
ڕیشەکانی تۆم دۆزیوەتە،
چون... دەنگی من
لەگەڵ دەنگی تۆ ئاشنایە.

## ئاوازێکی بچووک

تۆ لە کوێیت؟
لە پانتایی بی سنووری ئەم جیهانە.
ئەرێ تو لە کوێیت؟
من لە دوورترین جیگای ئەم جیهانە،
لە تەنیشتی تۆوە.

تۆ لە کوێیت؟
لە پانتایی ناپاکی ئەم جیهانە.
ئەی تۆ لە کوێیت؟
من لە پاکترین شوێنی جیهان وێستاوم
لە سەر شیناوردی سوێری ئەم ڕووبارە گەورە
کە گۆرانیت بۆ دەچڕێ.



## قەسابێ دەگریا

قەسابێ
دەگریا
ئاخر
ئاشقی قەناریەکی
بچووک بوو.

# پاشان زەمین

پاشان زەمین هاتە قسەو
مرۆڤ...
ماندوو، تەنیا و ئەندێشناک لە سەر گاشە بەردێک دانیشتبوو،

پەشیمان لە کرد و کاری خۆی.

زەمین هاتە قسەو وتی:
نانم پێدای، گیا بۆ مەڕ و ماڵانت و گەڵای ناسکی کەوەرگ تا پێخۆری نانی کەی.

مرۆڤ وتی:
دەزانم.

زەمین وتی:
بە هەموو چەشنێ لەگەڵتا قسەم کرد،
بە زمانی شەماڵ و با، بە زمانی هەڵقوڵینی کانی لە دڵی بەرد، بە زمانی دابەزینی سۆلاڤ و گل بوونەوەی هەرەس لە چیا، بە زمانی تەپڵی بروسکەو تەرەقەی تۆفان، ئەو کاتە وا زۆر بێ خەبەر دەتم دی.
مرۆڤ وتی:
دەزانم... بەڵام چۆن دەمتوانی پەیامەکەت وەربگرم؟

زەمین وتی، زەمین بە ئینسانی وت:
سادە بوو... زۆر سادە. تەنانەت پەیامنێرەکانیش کەم نەبوون.
تۆ دەتزانی من ئاشقانە دەتپەرستم، نەوەک ئاشقێکی کامەران، من بە



مەیلی خۆم بەزێڕکراو کەنیزی تۆ بووم. هێندە تۆم خۆش دەویست ئەگەر باوەشت بکردایەوە، جەستە و گیانم دەهاتە گۆرانی، هەر وەک تازە بووکێ لە کراسی پەردەدا کە ئێشی جەستەی دەبێتە ئاوازی دۆزینەوە و بەختەوەری،
یا وەک چەنگێ کە هەر نەوازشتی دەکاتە سرودێکی دڵڕفێن.
ئاااااااای... چ بووکێ،
هەموو جارێ بە کچی هاتمە نێو پێخەفەکەت. (وای دەوت زەمین) لە کام بیاباندا چاڵێکت کەند و ئاوێکی پاکم پێ نەدای؟
لە کوێ گاسنت خستە جەستەم و خەرمانێکی پڕ بەرەکەتم پێ نەبەخشی؟

مرۆڤ جارێکی دی وتی:
بەڵام... چۆن دەمتوانی ڕازی پەیامەکەت بدۆزمەوە؟

دەتزانی ئاشقانە خۆشم ئەویی (زەمین لە وەڵامیدا وتی) دەتزانی.
پەیامم بۆ ناردی، پەیام لەدوای پەیام،
بەهەزار زمان ...
کە دڵ لە ئاسمان دابڕە ...
وەحی لە زەمینەوە دێت.
پەیامم بۆ ناردی، پەیام لە دوای پەیام،
کە جێگای تۆ کۆیلە بوون نییە، لەم هەرێمە بەرینەدا ئەوەی کە تۆی کردە پادشا، نە بەخشندەیی ئاسمان کە خۆشەویستی زەمینە.

ئاااااااای،
من لە سەر تەختی بێ سنووری ئاسمانەوە چ پاشایەتییەکم دەکرد، پێش

ئەوەی تۆ، پاشای گیانم، وەک کەربەردەیەکی ئاسمان دەست لە سەر سینگ و تەوێڵ لە سەر خاک، پەستمکەی؟

مرۆڤ، ئەندیشناک و ماندوو و شەرمەزار لە ناخی ئازارەکانیەوە نالاندی و زەمین درێژەی پێدا:

من هی تۆ بووم و تەسلیمی تۆ، وەک چوار دیواریماڵێکی بچووک.
ئەشقم وەها توانایەکی پێدابووی کە ئاغای هەمووان بی، بەڵام مەخابن...
وائەزانم تاوانی من ئەوە بوو لەژێر پێی تۆدا بووم.

تا لە خوێنم پەروەردە بی، خەمناک ددانم نایە سەر جەرگ، وەک دایکێ وا ئێشی مژین ڕادەگرێ تا لە گیانی شیر بداتە کۆرپەی داوێنی.
فێرم کردی بۆ دۆزینەوەی ئاسن و بەرد و ڕۆح سینگی ئاشقم هەڵبدڕی، بۆ ئەوەی ئامێرێکم دابێ بە دەستتەوە، ئەو دەستە کە چاوەڕێی نەوازشتی پڕ لە قینی بووم. بەڵام تۆ لە من وەرگەڕای، ئاسن و «مس»ت لە بەرد – بەرد، کەوا هابیلی لە خوێنی خۆی گەوزاند – بەکوشندەتر زانی و خاکت پڕ لە قوربانی کرد.

ئایی زەمینی بە تەنیا بەجێماو،
زەمینی وێڵ کراو لە تەنیاییدا.

مرۆڤ بە ورتە ورت وتی:
چارەنووس وا بوو،
مەگەر ئاسمان قوربان ی دەویست؟

نەء... منی گۆڕستانی دەویست. (زەمین وتی). تۆی بێ هەستی قووڵی پەست، چۆن باسی چارەنووس دەکەی کە جگە لە بیانووی تەسلیم بوونی بێ هێمەتتان هیچ نییە؟



ئەو جادووگەرە فێرت دەکا داد مەزنترە لە ئەوین. مەخابن ئەگەر ئەوین توانای هەبوایە هیچ کاتێ زوڵم دەرنەدەکەوت تا نیاز بەدادێکی بێ وێژدان ببێ – ئەوسا– چاوت دەبەستی و شمشێرێک دەنێیتە دەستت، شمشێرێک لەو ئاسنە وا پێم دای تا بیکەیتە گاواسن،
ئەمەش قەبرستانێ کە ئاسمان لە داد دروستی کردووە!
ئاخ... وێرانەی بێ بەرهەم کە منم!

شەو و باران لە کەلاوەکاندا سەر قاڵی قسە بوون کە
... با... هەڵیکرد،
شلووق و شێوێنەر.
زۆری پێ نەچوو کە دژایەتی لە نێوانیاندا پەیدا بوو، لە سەراسەری خاکدا وەیشوومەیەک داگیرسا وحورمەتیان بۆ فەرمانی بێ دەنگی بروسکەش دانەنا.

زەمین وتی:
ئێستا گەیشتووینەتە دووڕیانی جیایی.
تۆ بێجگە لە ڕەنگ زەردی بێ بەرهەمی هیچ چارێکت نییە. تەنیا ئێستا کە ملت داوەتە چارەنووسی فریوکار، لانیکەم پیاو بە.

بەڵام من کە وێرانی تۆم.
هێشتا لەم بازنە ساردەدا کارم تەواو نەبووە:
وەک ژنێکی ئاشق کە دەخزێتە پێخەفی دڵدارە لەدەست چووەکەی تا بۆنی بدۆزێتەوە، ساڵ لە دوای ساڵ دەگەڕێمەوە تافی هەوەڵم بەفرمێسکی بیرەوەرییەوە.
یادی بەهاران بەسەرما دادەباری، بێ ئەوەی لە کێڵانێکی تازە ئاوس بم

و چەکەرەی ڕیشەیەک لە دەروونی خۆمدا هەست پێ بکەم، هەورەکانیش
بەو دڕک و دالآنەوە کە دەیخەنە باوەشم، هەوڵ ئەدەن تۆزێ ئارامم کەن.
بەڵام داسەکنان بەگیانم نابەخشن:
بیــر لە نەبوونی تۆ، ئەمــیــری شکاوی کــاکــەشــانــەکــان دەکــەمــەوە وا
بەسیحرێکی چڵکن تێکشکا و بۆ شوێن پەنجەت دەگەڕێم
لەسەر جەستەی نائومیدی خۆم
لە بیرەوەرییەکی شەلاڵی گریاندا.



## سروودێ بۆ ستایش

ماچەکانت
چۆلەکە پڕ جریوەکانی باخن و
مەمکت کەندووی کوێستان.

لەشت ڕازێکی ئەبەدییە و
لە تەنیاییەکی پیرۆزدا لە تەک مندا باسی دەکەیت.

لەشی تۆ گۆرانییەک و
لەشی من وشەیەک کە لەوێ دادەنیشێ.
تا هەوایەک بێتەدی:
سروودێک کە درێژەپێدان دەچڕێ.

هەموو میهرەبانییەکان لە نیگاتدایە:
تەتەرێ کە هەواڵی ژیانی پێیە.
لە بێدەنگیتدا هەرچی دەنگە
هاوارێ کە بوون دەئەزموێ.

# ناوەڕۆک


چەن خاڵێکی پێویست ..... 5
وەرگێڕانی شیعرکردەیەکی نامومکین، بەڵام پێویست ..... 7
خوان ڕامۆن خمینس ..... 19
کچۆڵەی شەل ..... 22
باشترین بەردەنووسی قەبر بۆ مەلەوانێک ..... 24
دەنگی ئەو دیوی دیوار ..... 25
تۆ ..... 26
دوایین سەفەر ..... 27
ئانا ئەخماتۆڤا ..... 29
سێ شتی خۆشدەویست ..... 32
وامان ئەزانی چەوساوەین ..... 33
بیرەوەرییەک لە دەروونما ..... 34
دەستم لەپشت پشتێنمەوە ..... 35
ماریناتسۆتایوا ..... 37
ڕامووسانی سەرت ..... 41
کوێستان ..... 42
حەقیقەت ..... 43
فدریکو گارسیا لۆرکا ..... 45
غەزەلی ئاو دەریا ..... 48
وەسیەت ..... 49
ئاوازێکی مناڵانە ..... 50
قەسیدەی گریان ..... 51
ئاوازی سوار ..... 52
ورلن ..... 54
قەسیدەی کۆترە ڕەشەکان ..... 55
ژاک پرەوەر ..... 57





بۆ تۆ ..... 60
بنەماڵە ..... 61
پاریس لە شەودا ..... 63
چەپکە گوڵ ..... 64
ڤیژلاڤ نێزڤاڵ ..... 65
کاتژمێر لە گەڕەکی کۆنی جوولەکەکاندا ..... 68
دەرەوەی شار ..... 69
نازم حیکمەت ..... 71
بۆ ڤێرا ..... 74
*** ..... 75
*** ..... 76
حەسرەت ..... 77
شار، ئێوارەوتۆ ..... 78
کوڕەکەمان نەخۆشە ..... 79
بێداری ..... 80
ڕەنگە ..... 81
خۆشم ئەوێی ..... 82
گەڵاڕێزان ..... 83
لانگستون هیوز ..... 85
بۆ چاپ قەدەغەیە ..... 88
بوومەلێڵ ..... 89
کۆتایی ..... 90
هارلم ..... 91
خەون ..... 92
ڕەش لە ڕۆخانە دەدوێ ..... 93
ڕەش وەک ناخی ئەفریقای خۆم ..... 94
نەتەوەێ من ..... 96
نامەیەکی ئیداری ..... 97

رافائل ئالبرتی ........ 99
کۆتر ........ 102
١٥ ........ 104
*** ........ 105
گۆرانی ٤ ........ 106
گۆرانی ٣٨ ........ 107
گۆرانی بێ زەمان ........ 108
کە ڕۆمم بەجێ هێشت ........ 113
بۆ پیکاسۆ ........ 114
پابلۆ نیرۆدا ........ 115
خاتوون ........ 118
- با - لەدوورگەدا ........ 120
ژنی مردوو ........ 122
یانیس ڕیتسوس ........ 125
هەستێکی فەرامۆش کراو ........ 128
ژنان ........ 129
پشکنین ........ 130
یادێک لە مردووان ........ 132
یاداشتێکی مەنفا ........ 133
ئورهان - وەلی - کانیک ........ 135
ژنانی کرێکار ........ 138
سەفەر ........ 139
خوایە شوکرت ........ 140
بۆ ........ 141
خۆکوشتن ........ 142
شیعرێ بە کلکەوە ........ 143
چەن نامە بۆ ئۆکتاییی ........ 144
هەڤاڵی من سەبری ........ 145



ویسلاڤاشیمبۆرسکا ........ 147
پێوەندی نهێنی لەگەڵ مردووان ........ 150
بەردەنووسی قەبر ........ 152
عشق لە یەکەم نیگادا ........ 153
پڕاوپڕ سەبارەت بەمەرگ ........ 155
ئەحمەد شاملوو ........ 157
عەشقی گشتی ........ 161
ئاوازێکی بچووک ........ 163
قەسابێ دەگریا ........ 164
پاشان زەمین ........ 165
سرودی بۆ ستایش ........ 170